هاشمی لە جیاتی سەرەك بكر كۆنگرەی پیشەسازی كردەوە

ژمارە (٨)
هەینی
٦-٣-١٩٧٠
نرخی « ٢٠ » فلسە
سالی یەكەم

هاوكاری
التضامن

رۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتی یە
دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوكردنەوە دەری ئەكا
تلفون : ٦٩٧٢١
لەجیاتی سەرنوسەر :
مونذر عریم

ئەنجومەنی ناوەندی یەكیتی گشتی كریكاران چەند بریاریكی شۆرشگیرانەی داوە

لەهێرشێكی سەركەوتوی فیداكارەكانی بەرەی رزگاری عەرەب

هیرشی سەركەوتوانەی فداكارە عەرەبەكان

قسەكەریكی سەربازی فەرماندەی تیكوشانی چەكداری فلسطین بلاوی كردەوە كە كۆمەلیكی هاوبەش لەهیزەكانی بەرەی میللیو بەرەی رزگاری عەرەب هیرشیان بردۆتە سەر دەبابەیەكی دوژمن لە سەربازگەیەكی نزیك ژیردەستەی « كفار روبین » ، وە لەئەنجامی ئەمەدا شەریكی بەهیز لەبەینی فداكارەكانو هیزەكانی دوژمنا قەوما كە لەكوتاییا دوژمن توشی زیانیكی گەورە بو ٠

كردنەوەی كونگرەی پیشەسازی

بەریز خالد مكی هاشمی وەزیری پیشەسازی لە رۆژی سیشەمەی رابوردوا لەجیاتی سەرەك كۆمار احمد حسن بكر كونگرەی حەوتەمی پیشەسازی لە ژیر دروشمی (پیشەسازی لەپیناوی تیكوشان)دا كردەوە وە لە ئاهەنگی كردنەوەی كونگرەكەدا چەند وەزیریكو چەند بالویزیكی عەرەبو بیگانە ئامادەبون ، لەگەل هەموو كاربەدەستانی وەزارەتی پیشە سازی ٠

وە بەریز وەزیری پیشەسازی ووتاریكی دا تیا داوای هەولدانی كرد بۆ رزگاری ئابورە نیشتمانیمان ٠

رێ رەوی هاوكاری

بریارەكانی ئەنجومەنی ناوەندی یەكیەتی گشتی نیقابەكانی كریكارنو پشتگیری كردنی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی كوردمان ، سەرەرای ئەوەی هەلویستیكی شورشگیرانەو پیشكەوتووە ، هەروەها سووربونیكی تری جەماوەری زەحمەتكیشی وولاتەكەمانە ، خاوەنی بەرژەوەندی راستەقینە لە چارەسەركردنی هەموو گیروگرفتەكانی وولاتو پیشكەوتنی ، لەسەر ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی كورد ئاشتیخوازانەو بەشیوەیەكی پیشكەوتوانە چارەسەربكری كە دەستەبەری مافە نەتەوایەتی یە رەواكانی میللەتی كوردمان بكات ٠

ئەم سووربوونەی گەلی عیراقمان بەگشتی، كە لە ریگای ریكخراوو نیقابەكانی دەری خستووە ئەوە رون ئەكاتەوە كە گەلی عیراق بەگشتی لەوەگەیشتووە مروڤی كورد چەوساوەو وماف زەوت كراو وولات پارچە پارچە كراو بووە ٠ وە هوی سەرەكی ئیمپریالیزمو نوكەرەكانی بوون كە دوژمنی میللەتی عەرەبی براو هەموو میللەتانی سەر روی زەمینن ، وەئەم دوژمنە دورندە تاوانبارە توانیویەتی بەهوی سیاسەتە

بروانە ل ١٥

بەرنامەیەكی یەكگرتوو

لەم روژانەدا سەروكی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی لە عەمان رایگەیاندوە كە لیژنە تەنفیزی ریكخراوەی رزگاری فەلەستین دەستی كردوە بە ئامادەكردنی بەرنامەیەكی كاری فراوانی یەكگرتوو كەگشت ریكخراوەكان بگریتە خۆی ٠

هەروا سەروكی ئەنجومەنەكەدەری خست كە سەركردایەتی یەكگرتووی هەموو ریكخراوەكانی فیداكار هەنگاویكی زلەو كردەوەیەكی پیروزە بو بەرز كردنەوەی رادەی تیكوشانی چەكدارانەی دژی دوژمنكاری سەهیونی ٠

● لە (١)ی ئەم مانگەدا نوینەریكی كریكارانی نەووت و مەعدەن بەرەو بولگاریا كەوتنە ری ٠ بو ئامادە بوونیان لە دەوری روشنبیری ، كەدا لە صوفیا ئەبەستری لەسەر خوستنی یەكیەتی گشتی نەووتو كیمیا ٠٠٠

یەكیتی گشتی كریكاران پشت گیری چارەسەری بەئاشتی مەسەلەی كورد ئەكات ٠

بەهیز كردنی هاوكاری لەگەل كریكارانی عەرەبو جیهان ٠

بەریز محمەد عایش سەروكی ئەنجومەنی ناوەندی گشتی نەقاباتی كریكاران لەگفتویەكا لەگەل ئاژانسی دەنگوباسی عیرقیدا ، ووتی ئەنجومەنی ناوەندی بروسكەیەكی رازی بوونی خوی بو سەركردایەتی شورش نارد ، دەربارەی ئەو هەنگاوانەی بو بەرژەوەندی جەماوەری كورد نراون وە هەول دانی بو چارەسەركردنی مەسەلەی كورد بەشیوەیەكی دیمكراتیو ئاشتیانە ٠

هەروها نەخشەیەكی دانا وە ئەگونجی لەگەل ئەركە گرنگەكانی سەرشانی چلنی كریكارانی عیراقدا بو قوناغی داهاتوو ٠٠

عماش كرا بە سەرەكی ئەنجومەنی بازرگانی

لە هەفتەی رابوردودا فەرمانیكی كۆماری دەرچو بەدانانی فریق ركنی یەكەم صالح مهدی عماش بەندامی ئەنجومەنی فەرماندەی شورشو وەزیری ناوخۆ بەسەرەكی ئەنجومەنی ریكخستنی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە ٠

هەواڵەکانی جیهان لەم هەفتەیەدا

نێجیریا دوای جەنگی ناوخۆ

ئەو هێرشەی کەسوپای نایجیری یەکگرتوو کە لە کوتایی مانگی کانونی دووی رابردوا بردیە سەر ناوچەی بیافرا کارێکی سەرکەوتوانە بوو ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە بەرگری یاخی بوەکان شکا بەسەرکایەتی (ئەدومینگو ئەژیکو) کەبو دەرەوەی وولات رای کردو یارمەتی دەرەکەی فیلیب ئەفونگ داوای لەنیروە یاخی بوەکان کرد کە تسلیمی نیروەکانی یەکگرتووبن .

ئەم سەرەنجامە لەمێژە چاوە نور ئەکرا ، نەخوازەللا لەم مانگانەی دواییدا لەوکاتەی کە حکومەتی یەکگرتوو توانی هێزێکی زل ریك بخا بو پلیشاندنی بەرگری بیافرا ، سەروکی هێزەکانی نایجیریای یەکگرتوو ژەنرال (کوون) نەکەوتە خوی و دورە پەریز بوو لە خوین ریژتنو ویران کردن ، وەوای بەراست زانی کە دەست بکا بە گفتوگویەکی برایانە لەگەل سەروکەکانی بیافرا . کەچی ئەم سەروکانە گشت ئەو هەولو تەقەلایانەیان پووچەل کرد کە بو یەکیەتی ریکخرا بەشێوازیکی ئاشتییانە .

کی بەرپو سیارە ؟

ئەو جەنگەی کە لە نایجیریا رویدا .نزیکەی ٣٠ مانگی خایاند وێەك ملیون شەرکەری تیدا بەشدار بوو ، ئیمرو هیچ گومان لەوەدا نەماوە کە ئەو بەربەرەکانییە پرر ئازارە کوتایی هاتو یەکیەتی نیشتمانی هاتەدی ، بەلام لەگەل ئەوەشدا هەندی تەگەرو کوسپی ورد ورد ماوە دەربەرەی گەیشتن بەئاشتیەکی هەمیشەییو برایەتیەکی یەکجارەکی . ئاشکرایە کە حکومەتی نایجیریایی گشت هەول و توانایەکی تەرخان کردوە بو وەدەست هێنانی ئاشتیو ئاسایش . خیلەکانی ئیبوسی ئەونەی کە لە باشوری نایجیریا نیشتەجین زیانیکی زوریان لی کەوت لەم جەنگە شوفینی یەدا جگە لەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە بەرەنگاریان بوو ، دیارە گشت ئەم هەراو زەنایەش پیچەوانەی برایەتیو عەقلە لە راهینانی سیاسەتیکی راست لەکاروباری ئابوریو کومەلایەتی بو دابر کردنی پاشماوەکانی رابروو . هەروا بو دەها سال ئاراستە کرد بو

لە نیو تایمزەوە

وەرگێرانی هاوکاری

بوژاندنەوەی هیمنیو حەسانەوە لە دلی جەنگاوەرانی ئیبوس ، وەبژاردنی ئەو زیانەی کە لی یان کەوتوە لەتەك پارازتنیان لەگشت توقاندنو راونان و قەلاچو کردن .

شەری نایجیری لەمانگی مایسی سالی ١٩٦٦دا تەقی یەوە ، لەو کاتەی کە بەرەنگار بونیکی خویناوی رەگەز پەرستی لەنیوان شارەکانی باکوردا دروست کردنی کەلینو کەلەبەریك لە نیوان باشورو باکوردا بو دواخستنی ئەو ئیسلاحاتە ئابوری وسیاسی و کومەلایەتی یە، ئەمیش بەقەدەغە کردنی بلاوبوونەوەی خویندەواری وروشنبیری ، هەروا ئەو کاروبارە پیشەسازیەو هیلی ئاسنەی کە ئینگلیزەکان بەریوەیان ئەبرد و خەلکی هەریمەکانی باشوریان ئەخستە سەر ، سەربازی یەی کە لەسالی ١٩٦٦دا رویدا ، بەربەرەکانی لەسەر دەسەلاتداری برموی سەند لە نایجیریادا ، خەلکی باکور هەستیان کرد کە بەرەبەرە دەسەلاتداریان لەکیس ئەچی ، بویە وەستە بەرە بوگەنەکان دەستیان کرد بەفراوان کردنی کەلینی جیایی لەنیوان خیلەکا بو جولاندنی رقوکینەو ئامادە بون بوشەر .

رویدا ، کەبوە هوی ئەوەی سەدها هەزار لە پیاوانی خیلەکانی ئیبوس رابکەن بو ناوچەی خویان لە باشوردا . ئەمە تەنیا روکەشی مەسەلەکە ئەداتە دەست ، چونکە ئەو کەسانەی کەسەر بەحوکمی ئینگلیزی بوون گشت توانایان

لەگەل هەندی لە خیلەکانی ئیبوس لە روژهەلات . ئەم جیاوازی یە بوە هوی دو دلی و بەدگومانی لەلای هاونیشتمانی یە ناوچەیی یەکان ، هەر ئەم وەزعەش بوە هوی هوی تەقاندنەوەی بلیسەی یاخی بونی شوفینی .

لەدوای ئەو کودیتا

خورهەلاتی وولات لەگشت ناوچەیەکی تر نیشتەجیی زورترە ، بە جوری هەر ١٠٠ کەسیك تەنیا لەیەك کیلومەتری چوار گوشەیی دائەنیشن ، ئەمەش بەرزترین رادەی نیشتەجی بوونە لە هەموو ئەرفیقیادا ، بەلام ئەم بەشەی نایجیریا زور بە خیرایییەوە لەروی ناوەدانی پیشکەوت ، ئەمەش بوە هوی (قەمە بونیکی نەقدی) گەورەو بەرزبونەوەی رادەی باجو هیلاك کردنی چینی کارگەر .

ئیستا وا ئەم جەنگە دوایی هاتو واچاوەنور ئەکری کە نایجیریا جیگەی ئابوری خوی وەرگریتەوە ، هەروا دەسکەوتەکانی نەوت روی لە زیاد کردنایە لەم سالەدا . کە

بروانە لاپەرە ١٥

هەواڵی گرینگ

هێزەکانی پاتیس لاو

ئاژانسی ئەسوشیتدپریس لەسەرچاوەیەکی باوەرپی کراوەوە بلاوی کردەوە کە (هێزەکانی پاتیس لاوی چەپرەو دەستیان کردوە بە بوردومان کردنی پایتەختی - لوانگ برابانگ - بەتوپەکانی مورتەر .

هەواڵێکی تر لەرۆیتەرەوە وائەگەێنێ کە (شورشگیرەکان فرۆکەخانەی پایتەختیان بوردومان کردوە بە تۆپی مورتەر ، لەوکاتەی کەسەرەك وەزیرانی لاوس- سوڤانا ڤوما- لە فرۆکەخانەکەدا بووە) ئەم هێرشە یەکەمین هێرشە کە لەنێوان ئەم سالە لەم شارە رویداوە .

ووتوێژ لە نیوان یەکیەتی نەقابەکانی کریکارانی ئەلەمانیای دیمکراتی و ئەلەمانیای روژئاوا ..

(هربرت فارنکە) سەروکی یەکیەتی نەقابەکانی کریکارانی ئەلەمانیای دیمکراتی پیشنیاریکی پیشکەش بە لیژنەی جی بەجی کەری یەکیەتی نەقابەکانی کرایکارانی ئەلەمانیای روژئاوا کرد لە دسلدروف بو ووتویژ کردن لەنیوان هەردوو یەکیەتیەکە .

وە لەو بەیاننامەیەی یەکیتی نەقابەکانی کریکارانی ئەلەمانیای دیمکراتی دەری کرد ، ئەو پیشینارەی تیدا بوو ، بو ووتو یژکردن ، بو هینانەدی خوشترین پەیوەندی لەنیوان نەقابەکانی ئەلەمانیای دیمکراتیو ئەلەمانیای روژئاوا لەسەر بنچینەی پاراستنی مافی هاووسەریان لەگەل یەکتر ..

لەم دوایییەدا شۆرشگیرەکانی گواتیمالا ئەمبرتو ڤونتیی وەزیری دەرەوەی گواتیمالایان فراندبو ووەك بارمتەیەك لەلای خۆیان گلیاندابووە تاکاتی بەرەللا کردنی سەروکی قوتابیانی گواتیمالا .

ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە کە حکومەت بەزوترن- کات ئەم سەروکە قوتابییەی بەرەللاکرد لەجیاتی ئەوەش شۆرشگیرەکان ئەم وەزیرەیان بەردا .

ئەم وینەیە ڤونتی لەتەنیشت خیزانەکەیەوە نیشان ئەدا لەکاتی گەرانەوەیدا بۆماڵەوە .

کریکاران لە ئیتالیا

چینی کریکارانی ئیتالیا نارەزان لە گیروگرفتی بێ کاری وە لەبەر کەمی رۆژانەیان چونکە رۆژانەیان کەمترە لە رۆژانەی کریکارانی ولاتە رۆژئاوایەکان ، جگە لە بەرزی نرخی کەلوپەل هەروەها کرێکاران لە ئیتالیا نارەزان لەبەر گیروگرفتی (١٧) ملیۆن کرێکار لەناوچەکانی خۆییان کۆچیان کردووە بۆ ناوچە پیشەسازیەکان لە نەبوونی خانوبەر ، هەر چەندە سەروی وولات .

لە ئیتالیادا شتیك هەیە کە لە رۆژانەی کریکاران کەم ئەکاتەوە ، وەك برینی لە سەدا سی رۆژانەیان بۆ تأمینات بە تایبەتی لە کریکارەکانی کشتوکاڵ ، وە جووتیارەکان .

ئەمەش جگە لەبوونی چەند هۆییکی سیاسی کە بوەتە

بروانە لاپەرە (١٥)

شۆرشی روشن بیری لە چین دا

دوو روانگەی روشن بیری

وتمان هەر سیستەمێك فەلسەفەی تیوری خۆی هەیە، هەروەها میسالییەتەکانی کە پشتگیری ئەکەن‌و پالی پێوە ئەنێن بو ئەوەی بتوانێ جەماوەر لە دەورو پشتی خۆی کۆ بکاتەوە ، وە لە باسەکانی رابردودا هەردوو روانگەی سەرمایەداری‌و سوشیالیستی لە وێژەو هونەرو پەروەردەمان خستە بەرچاوی خوێنەری بەرێز لە چوار چیوەی مێژوویی‌و واقعی ئاسان کراو بو ئەوەی جەنگی روشن‌بیری نێوان ئەو دوو رێچکەیە رون بێتەوە .

بەلام لە راستیدا (تبریر) کردنی شورشی روشن‌بیری بەو بەرچاو خستنە نزیك‌مان ناکاتەوە لە سروشتی زورانی فکری لەم چەرخەی ئێستامان بویە ئەبێ ئێمە لەروانگەی هەر لایەك لەمانە بگەین لە وێژەو هونەرو پەروەردە وە بزانین تاچرادەیەك پەیوەندیان بەسیاسەتەوە هەیە بو ئەوەی لە ئەنجاما لە مەبەست‌و ئانجامەکانی شورشی روشن‌بیری بگەین ، نزیك ترین رێگە بو ئەو تێگەیشتنەش ، شی‌کردنەوەو ناسینی ئەو دوو سیستەمەیە .

کەوابو سوشیالیزم چی‌یە ؟

سوشیالیزم تووانەوەی چینەکانە لەناو کومەلێکا کە نرخی مروڤ بەقەدەر ئیشەکەیەتی‌و نرخی کارەکە بەقەدەر پێویستی‌یەتی .

لەهەر یەکێك بەپێی توانای بو هەریەکێك بەپێی ئیش‌کردن هیچ‌مروڤێك مافی چاوساندنەوەو بەکارهێنانی کەسی تری نی‌یە لەپێناوی بەرژەوەندو سوودی تایبەتی خۆی ، هیچ کەسێکیش بوون‌و قازانجی تایبەتی جیاواز نی‌یە لە بوون‌و قازانجەکانی کومەل بەگشتی .

کامەرانی ، کامەرانی کومەلیش لەهی کەسەکانیەتی چونکە کومەلی کامەران ئەوەیە کە تاکە تاکەی خەلك کامەران بن ، وە موبەررات‌و هۆیەکانی ئەشکەنجەو ئازار بەهۆی بەدبەختی هەندێکی تر تیا نەمابن .

بێ‌گومان بو دامەزراندنی ئەم کومەلە پێویستە هەموو ووزەو توانای مروڤایەتی بخریتەگەر لە بەرهەم‌هێنان‌و هەلتەکاندنی چونیەتی تێگەیشتنی چینایەتی لە نرخی ئیش‌کردن‌و لەپێناوی زالبون بەسەر هەموو چینەکان‌و تووانەوەیان کە ئەمە ئەو جورە چینەش ئەگرێتەوە کە لەسەر میسالیاتا ئەژیت‌و گرنگی ئەدا بە (تخصص)و بە بەشێکی پیروز لە میسالییەتەکانی خۆی دائەنێ .

بێ‌گومان ئەو کومەلەی بە چەوساندنەوەی‌مروڤێك لەلایەن مروڤێکی کە رازی نەبێ ، هەرگیز بە چەوساندنەوەی بێگانەش رازی نابێ ، وە کومەلی سوشیالیستیش کومەلێك نی‌یە لە پولا دروست کرابێ‌و هەروەکو ئالەت‌بێ ، بەلکو کومەلی فکرو فەلسەفەو بیرکردنەوەیە ، کومەلێکی واقعی‌یە ، میسالییەتەکانی خۆی لە کانگای واقعی ژیان‌و ئامانجە پیروزەکانی خۆی وەرگرێت .

کومەلەکانیش وەکو مروڤ، بەچەند دەورێکدا ئەروات ، منالی ... تافی هەرزەکاری، گەورەبون ، وەشورشی‌بەردەوام چارەسەرێکی خوپاراستنی هەمیشەیی ئەدات دژی پیربوون مردن ، وە هەروەکو کورپە پێویستی بە چاودێری‌و پاراستنی هەیە لەنەخوشیەکان هەروەها کومەلی‌سوشیالیستیش پێویستی بەو خۆپاراستنەی هەیە ، وەهەر وەکو مروڤی نەخوش ئەبێ قایل‌بێ بە (تحکم) کردنی دکتور کە شێوەیەکی دکتاتوریەت وەرئەگرێ، لەپێناوی پاراستنی تەندروستی خۆی ، ئەتوانین هەمان زاراوە،واتە دکتاتوریەت بەکاربێنن بو قوناغەکانی

نووسینی :
عبدالرحمن ابوقوس
وەرگێری : پ

پاراستنی سوشیالیزم .

بەلام واقع ئەوەمان بو دەرئەخات ، کە خۆ پاراستن سروشتێکی روت (مجرد) نیە لە کاریگەرەکانی دەرەوەی بویە مەسەلەی بەرگری کردنە لەبوونی خۆی ، نەوەك تەحکم‌و دیکتاتوریەت .

پاراستنی دەسکەوتەکانی سوشیالیستی لە دوژمنەکانی، هەمان شیکردنەوە ئەگرێتەوە کە بو خوپاراستنی مروڤ لە نەخوشیەکان ئەکرێ . وە دیکتاتوریەتی چینی کرێکاران وەکو دکتاتوریەتی دکتورەکەیەو ئەگەر دوژمنەکانی سوشیالیزم وازیان لەپیلانە فکریە گلاوەکان‌و جەنگی‌یان بهانیبایا ، هیچ پێویستێك بەهیچ جورە دکتاتوریەتێك نەئەما .

بەلام لەتوانای هیچ مروڤێك نی‌یە وە هەروەها هیچ سیستەمێك کە دەستەو ئەژنو بوەستێ بەرامبەر بە چەکە هەلتەکێنەرەکانی دوژمنانی .

هەرکەسێکیش داوای‌نەمانی دکتاتوریەتی چینی کرێکاران ئەکات ، ئەو کەسەیە کە داوا ئەکا مافی خۆ پاراستنەوەی مروڤ بەرامبەر دوژمنێکی چەکدار نەمێنی .

ئەمەیە سروشتی سیستەمی سوشیالیست .

بەلام بۆ وە چون سیستەمە سوشیالیستەکان هەل‌ئەقولێن؟

* *



نەتەوەکان و مەسەلەی نەتەوایەتی

نووسینی : ئێینینا مودر جنسکایا
گێڕانی لە عەرەبیەوە : جلال میرزا کریم

خەسیەتە بنەرەتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نیشتمانی ئەم قوناغەی ئێستا کامانەن ؟

مارکسیەکان کەباس لە مەسەلەی نەتەوایەتی ئەکەن ئەیبەستن بەمەسەلەی دروست بوونی کومەڵو ئازاد بوونی زەحمەت کیشانەوە• هەڵویستی مارکسیەکان بەرامبەر بە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی زیاتر بەستراوە بەپلەی ڕێخۆش کردنی ئەو بزووتنەیەوە لەپیشخستنی کومەڵا بەچەشنیکی پیشکەوتوانە •

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کونەپەرستانە (وەك سەهیونیزم) هەیە ، وە هیچ دووریش نیە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی پیشکەوتوانە لەسەرەتاوە بگورریت بە بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانە، یاخود خەسیەتو نیشانەی دوور لە ئامانجەکانی پیوە بلکیت (بۆ نمونە وەك کیومنتانگ) •

بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی بەری ئەو ناکوکیو بەربەرەکانیە گەرمەیەکە لەنیوان داگیرکەرانو گەلانی چەوساوەی ئەو ناوچانەدا هەیە ، خەباتی رزگاری خوازی نیشتمانی یانەی دژ بە ئیمپریالیەتو کونەپەرستانی ناوخۆ ، خەباتیکی هیجگار عادیلانەو رەوایە •

هەولو تەقەلای وولاتە تازە سەربەخۆکان لەدواجارا هەر بەرەو ئەوە ئەروات کە زال بیت بەسەر رژیمە ئیستعماریو نیمچە ئیستعمارییەکاندا ، بەمپێیە خەباتی رزگاری خوازی نیشتمانی خەسیەتی ئەو خەباتە وەرئەگریت کە لەنیوان وولاتانی تازەپیگەیشتوو گەلانی ژیردەستەو ئیمپریالیزمی جیهانیدا بەرپا ئەکریت لەبەرئەوە ئەو شورشە رزگاری خوازە نیشتمانی یانەی لەم سەردەمەیەدا رووئەوەدەن زور جیاوازترە لەو شورشە رزگاری خوازە نیشتمانی یە بورژوازی یە دیموکراسیانەی لەسەدەکانی هەژدەو نوزدەهەما بگرە لەسەرەتای سەدەی بیستیشدا بەرپا بوون •

لەکۆنا ، لەسایەی سەرمایەداری پیش چەوسانەوەدا ، بزووتنەوە نیشتمانی یەکان بریتی بوون لە شورشەکانی بورژوازی کە ریگەیان بۆ گۆڕانی سەرمایەداری خۆش ئەکرد • شورشەکانی رزگاری خوازی ئەم سەردەمە لەسوودی تەواوی نەتەوەدا بەرپا ئەکریت بەلام لەهەمان کاتیشا چاری مەسەلەی چینایەتیش ئەکا بەوەی ئەم شورشانە بریتین لەمەسەلەی خەبات دژی دەسەلاتی ئیمپریالی •• بەلام جەماهیری میللەتو سەرکردە نیشتمان پەروەرەکان زورتر لەنیوەی ریگای ئەم شورشەدا ناچەقن ، بەلکو هەول ئەدەن بوئەوەی گوڕانی دیموکراسی توونەو چەسپاوی ئەوتۆ بەدی بهینن – کە زورجاریش بەدی ئەهینن – بۆ بەربەست کردنی گوڕانی سەرمایەداری لەم وولاتانەدا ••• بۆنمونە لە کوماری عەرەبی یەکگرتوو ، بورما ، مالی ، غینیاو هەندی وولاتی تردا جموجوولی سەرمایەدارە گەورەو مامناوەندیەکان بەربەست کراوەو هەندی گوڕانی کومەلایەتی قول لە گوزەرانی زەحمەتکیشدا کراوەو دەستگیراوە بەسەر کەرەستەی هینانەبەرهەمی سەرەکیدا • باری جیهانی (سەبارەت بە ناکوکی نیوان هیزە پیشکەوتووەکانو کونەپەرستدا لەکاروباری جیهانیدا) گرنگیەکی گەورەی هەیە سەبارەت بەو شورشە رزگاری خوازە نیشتمانی یانەی ئەمرو روونەدات • بەوەی توانای راستەقینەی وولاتە سوشیالیستەکان لە پشتگیری کردنی فراوانی گەلاندا باریکی باشی خولقاندوە بۆ پیشخستنی خەباتی ئەم گەلانە •

ژیان ئەوە ئەسەلمینی کە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی لەماوەی بیستسالی رابوردوودا ڕاپەرینیکی گەورەی بە خویەوە بینی بەتایبەتی لەماوەی پەیدا بوونو بەهیزبوونی ئوردوگای سوشیالیستی لەجیهاندا •

شورشی رزگاری خوازی نیشتمانی لەم قوناغەی ئیستایدا بەوەی ریبازیکی دژبە ئیمپریالیەتی گرتوتەبەرو بەشیوەیەکی گەورە لە گیتیدا تەنیوەتەوە ، لەبەر ئەمە نەك هەر بۆتە هیزیکی یاریدەدەر بو شورشی سوشیالیستی جیهانو بەس ، بەلکو بۆتە بەشیك لەوکارە شورشگیرانەیەی گیتی لە سەرمایەداری یەوە بەرەو سوشیالیستی یەت ئەبات •

لە بیروباوەڕی پێشکەوتوانەی
پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی

ئەو مەترسی یە گەورەیەی کە لەوانەیە توشی شۆرش بێ لەم قوناغەیدا ، ئەوەیە کە لە پیویستیەکانی میژوویی هەر بووی ئەم ماوەیە ببێتە چەند دەرچونێکی نوێ لە بیروراهێنان‌دا ، کە ئەبیتە مایەی دواخستنی ئامانجە بنەچەکی‌یەکان وچەمکە راستەکان بۆ کاتێکی دیار نەکراو ، هەروا گەیشتنی بەپلەی فەرامۆش کردن ، نا بەلکو دانانی فەلسەفەیەکی تازە کەلەسەر پیویستیەکانی قۆناغ دامەزرابێ نەك ئەو ئامانجانەی کە حیزب لەمێژەوە خەباتی‌لەپێناوا ئەکا• دوای ئەم مەترسی یەش ، کەلەمەوە سەر هەلئەدا ، هەستکردن بە گۆشەگیریو چوونە ناو قاوغە ، لەئەنجامی ئەوپیلانو بەرگری‌یەی کە شۆرش لەو عەناسرانەی کە باسمان لێوەکرد ، ئەیبینێ • بەجۆرێ کە خۆپاراستن ئەبێتە سروشتێك لە سروشتەکانی حوکمرانی بەلکو ئەم خوپاراستنەزیاتر دریژ ئەبیتەوە بەجورێ کەتەنیا ئەو عەناسرە دوژمنانەی شۆرش ناگریتەوە بەلکو هەتا عەناسرە بێلایەنەکانیش ئەگرێتەوە ، نا بەلکو ئەبێ بەنیشانەیەکی نەخۆشی گەر هات لەسەر ئەمانە بازیدا تاوای لێدێ هەمو ئەو عەناسرانەی کەدۆستی شۆرشیش بگرێتەوە ئەمهەست کردنەی دورەپەرێزی و چونە ناو قاوغە نیشانەیەکی ئاسایی وهەبوە لەسەرەتای شورش‌دا، بەلام لەگەڵ جێگە چەسپاندنی شۆرش ، حیزب زور هەول ئەدات بو زال بون بەسەر ئەم کۆسپە میژوویی‌یەو بەجێ هێشتنی ، نەخوازەللا هەر دورەپەرێزیەك و چونە ناوقاوغەیەك لەلاین دەسەلاتداری‌یەوە ، دورە پەریزیەك وخوکێشانە ناوقاوغەیەك لەگەلەوە رووبەرووی ئەوەستێ •

٤ – پیویستە لەسەر دەسەلاتداری شۆرش کە مەبەستی بنەرەتی لەبیر نەکات کە لەپیناو ئەما حوکمی داگیر کرد • ئەم مەبەستە گورینی پەیوەندیەکانی کۆمەلە بەشێوەیەکی شۆرشگێرانە • چونکە داگیرکردنی دەسەلات هەرچەند خوی مەبەستیکە لەمەبەستەکانی حیزبی شۆرشگێر لە قوناغی تیکۆشانی (سلبی) دا ، بەلام خۆی مەبەستیك نیە بۆخۆی ، بەلکو مەبەستیکە بو مەبەستێکی گەورەتر و گرنگتر لەخۆی ئەمیش کە گورینی بەندیواریەکانی کۆمەلە ، واتە گورینی ژیانی گەلو جەماهیری میللەت لە هەرشیوەیەك لەشێوەکانی‌دا بێت • بو گەیشتنیش بەم مەبەستە بەهۆی دەسەلاتەوە، حیزب ئەتوانێ چەندەها یاساو رژیمی گونجاو دەر بکات، بەلام بەتایبەتی لەم هەلوێستەدا ، ئەو جیایی‌یە گەورەیەی نیوان دیکتاتوریەتو دیموکراتیەتی میللی دیاری ئەدا •

دیکتاتوریەت لە (سەرخان) نەوە ئەم یاسایانە بەسەپێنیتە ئەو مانایەی کەرابەر نپشرەوی میللەتە ، دیارە بەجێ هێنانی ئەمەش لەرێی ئەوهیزو بازوو بەرگری‌یەوە رای ئەهێنێ ، دوایی چەندەها شێوازی تر دائەهێنێ – وەك تەقەلایەك – بۆ بۆیەکردنی ئەم ئیسلاحە (سەرخان)یە بەبۆیەیێکی میللی ، لەلایەك لەرێ ئاراستە کردنی زورەملی ، لەلایەکی ترەوە لەرێی تۆقاندن وڕاونان هەروا لەرێی هەراوزەنای پروپاگەندەیی • دورەپەریزی خۆی کەئەبێ روو بدا – بە دورەپەریزیەکی‌پترو بەتوقاندن وئاراستە کردنێکی زۆرتر چارەسەر ئەکات ، لەپاشا بەزورکردنی ئەو چەشنە دەستەبەرە میللیانەی کە پشتگیری ئەکا ، ئەمەش – لەراستی – یا دیارە هیچ هیزێکی میللی دەست نەخستوە •

بۆ ئاگاداری

الەلای شعبەی محاسبەی‌دانیشگاکانی زانکۆی سلیمانی هەموو ئەو مەرجومواسەفاتانەی دامەزراندنی پروژەی ئاوی زانکۆی سلیمانی لە شوێنی ئێستای‌دا دەس ئەکەوی • نرخی هەر تاکە دەستەیەك (دە)دیناره کە قابیلی گەراندنەوەی نیە ، دواکاتیش بو قبوضکردنی‌بەخششەکان سەعات یانزەی روژی یەکشەمەی ریکەوتی١٥–٣–١٩٧٠ •

بەخششەکان لەبەرگێکی مورکراوی بەناونیشان پیش کەش سەروکایەتی زانکۆی‌سلیمانی ئەکرێ بەمەرجێ کە ناوی پروژەکەی لەسەرابێ بەر لەکاتی باسکراوی سەرەوە لەگەل رەچەتەی تأميناتی نقدی‌کە (٥٠٠) دینارە یانە کەفالەیەکی بانقی یاچەکێك کە پەسندکرابێ لەو بانقەی‌کە لێی دەرچووە •

پیویستە لەسەر بەلێندەرناسنامەی ژوری بازرگانی پیشان‌بدا ئەگەر هات لەدانیشتوانی شارێك بوو کە ژوری بازرگانی تیدایەولیکنراو بی‌بەباوەرنامەی(زریبەی دخل) ئەم سالە • هەروامەرجیشە لەکاتی قبول کردنی هەر بەخششیك کەناوی ئەنداریاری سەرپەرشتی کەری دەربارەی بەلێندەرەکەی‌لەگەل بێ ، ئەوەی کە زانکو پەسندی ئەکات •

ئەبێ ئەمەش لەبەر چاوبێ کەزانکۆ هیچ بەندنیە بەوەی کە نزمترین بەخشش یا هەربەخششیکی‌تر قبول بکات •

دوکتۆر محمد محمد صالح
سەروکی زانکۆی سلێمانی

هەواڵەکانی ناوخۆ

هاوکاری لەگەڵ مامۆستا جەلال خۆشناو قائمقامی رەواندز

نوێنەری رۆژنامەکەمان لە سەردانیکی‌دا بۆ محافەزەی هەولیر • توانی گفتو گویەك لەگەڵ قایمقامی قەزای رواندز بەرێز جەلال خۆشناوا بکا • وە لەم گفتوگویەدا باسی ئەو هەوڵو تەقەلایانە کرا کە دراوە و ئەدرێ بۆ پێشخستنی قەزاکە وە هەروەها باسی ئەو جۆرە بایەخدانانە ئەدرێن بە قەزاکە •••

بەرێز جەلال خۆشناو بە دڵخۆشیو سوپاسەوە وەرامی ئەو پرسیارانەی خوارەوەی داینەوە :

پ : ئەو پرۆژە ئاوەی ئێستا هەیە ئەتوانێ هەموو سودێك بە قەزاکە بگەینێ •؟ ئایا بیرکراوە تەوە بۆ پرۆژەییکی تر ؟•••

و : ئەو پرۆژە ئاوەی ئێستا ناتوانێ هەموو جۆرە سوودێك بە قەزا بگەینێ • لەبەر ئەوەی پرۆژەکە سەرەتای‌یە • وە بە زانایی بەسەر ماڵەکادا دابەش نەکراوە •

وە بیرکراوەتەوە بۆ کردنەوەی پرۆژەییکی تر ، وە موافەقەکرا لەسەر جێ‌بەجێ کردنی ئەم پرۆژە نوێ‌یە ، وە ئەم پرۆژەیەش ٤٥،٠٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان‌کراوە ، وە بە ٣٩،٠٠٠ هەزار دینار دراوە بە قونترات • وە داوامان کرد بەزووترین کات جێ‌بەجێ بکرێ ، وە لەسەری مانگی داهاتوودا دەست بە ئیشەکە ئەکرێ • ئەم پرۆژە ئاوە نوێ یەش ، ئەتوانێ بەریکی ئاو بۆ هەمو ماڵەکان بدا ، وە هەتا سودی لێ وە ئەگری بۆ بەراو کردنی چەند پارچە ئەرزێکی بچوك بۆ چاندنی سەوزەو مێوە •••

پ : ئایا بیرکراوەتەوە بۆ ئەوەی کەلك لەهاوینە هەوارەکانی قەزا وەرگیری ؟ بەکردنەوەی‌گازینۆ و گەیاندنی خەتی کارەبا و خۆشکردنی ریگای گەیشتنیان •

و : بیرکراوەتەوە بۆ ئەوەی کەڵك لە هاوینەهەوارەکان وەربگیرێن بەتایبەتی هاوینە ـ هەواری جندیان • وە بێخال وە میرگەمیر لە لای سیدەکان • وە ئێستا هەوڵ ئەدرێ کەوا بایەخ بە بێخال بدرێ وە جادەکەی تەواو بکرێ وەبۆ ئەمەش ١٠،٠٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان‌کراوە ، وە ئێمە ٤٠،٠٠٠ هەزار دینارمان داناوە بۆ تەواوکردنی جادەکە ، وە ٦٠،٠٠٠ هەزار دیناریش بۆ کردنەوەی کازینۆ و شوینی پشودانو خانوی میواندری •• وە هەروەها ئێستا کارەبامان بردوتە بێخال • بەلام لەپارەی مێرگەمیر بریار دراوە جادەی بۆ بچێو بایەخێکی هیجگار زۆری پێ بدرێ ••جگە لەمەش بیر بۆ باشە رۆژیکی دریژی کراوەکەوە کە بایەخ بەهاوینە هەوارەکانی ناوچە بدری وە بۆ ئەمەش ٣،٠٠٠،٠٠٠ ملێون دینار تەراخان کراوە گەر موافەقە بکرێ بۆ ئەم ئەرکە بەکار ئەهینری ••

پ : لەقەزادا چەند پارچە ئەرزێ هەن وە هەندیکیان لەلایەن چەند کەسێکەوە فرۆشراوە ، وەلەم دوایەدا میری دەستی بە سەرا گرتنی • ئایا نیازتان لەسەر دابەش کردنی ئەم پارچە ئەرزانە هەیە بەنرخێکی هەرزان بەسەر خەڵکدا ••

و : ئەم پارچە ئەرزانەی لەم دوایەدا بوتە میری تا ئێستا نیازمان لەسەر فرۆشتنیان نیە بەنرخێکی هەرزان • چونکە تائێستا تەسویەی ئەم پارچە ئەرزانە ئیعلان نەکراوە •• وە رەنگە لەم رۆژانەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریار دەرکا بۆ تەملیك کردنی ئەم شوینانەی کەوا خانوبەرەیان لەسەر کراوە ••

بەلام فرۆشتن بەنرخی هەرزان ئەوە ئەگەرێتەوە سەر جمعیات •

پ : ئایا نیازی کردنەوەی بەشی ناوە خۆیی بۆ قوتابیان هەیە •

و : نیازمان وایە بەشی ناوە خۆیی لەگەڵ مەیتم بکەینەوە•

پ : ئایا چ پرۆژەییکی سوود بەخش بۆ خەلك هەیە ؟ کە تا ئێستا جێ‌بەجێ نەکراوە•

و : چەند پرۆژەیکمان لەبەر دەستایە لە دەوری لێ‌کۆلینەوە دان وە هەندیکیان تەواو بۆە تەنها لەسەر جێ‌بەجێ‌کردن وە ستاون ، وە ئەم پروژانەش وەك : کردنەوەی مەیتەمیك بۆ هەتیوەکانی ناوچە بە تێکرایی وە کردنەوەی قوتابخانەی‌ناوەندی پیشەسازی و کشتو کالێ سەر بە مەیتەمەکە • بۆ ئەمەش فەریق سەعدون غێدان لە کاتی سەردانەکەی‌دا بەلێنی پی‌داین وە هەروەها نیازمان هەیە بۆ کردنەوەی کارگەی کەرپوچ بۆ ئەمەش بەرێز صەدام حوسێن بەلێنی پێ داین بۆ ئەوەی بۆمان جێ‌بەجێ بکا • وە ئەم کارگەیەش کارێکی هێجگار بەنرخ ئەکاتە سەر پیشخستنی ناوچەکە بە تاوچەکە بە تێکرایی ••• وە نیازی کردنەوەی دوو قوتابخانەی تریش هەیە •• وە پێشەکی

موافەقەت کراوە لەسەر دروست‌کردنو کردنەوەی نە خۆشخانەیەك لە مەفرەقی دیانا وە ٤٠٠،٠٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ، بۆ ئەوەی ببێ بە خەستەخانەییکی گرنگی ناوچە •• وە (٥٠٠) دینار دەرچوو بۆ دەست لێ دانی خەستەخانەی ئێستا ، وە بەشی جەراحی ئافرەتانی لێ‌کراوە بەهەمو پێویستەکانیەوە •• وە سانەوی کچانیش ئەکەینەوە ••

سرنجێك دەربارەی بەلدیەی رواندز :

هەر وەك زانراوە بەلدیە کۆلەکەی شارە ، وە هەر ئەو توانای خۆی نیە •• لەبەر ئەوەی بەزۆری هەوڵ ئەدەین کە کارگەی کەرپوج بکرێتەوە• تابتوانین بەمەوە بودیجەی بەلدیە زۆر کەین و شتی بەسود بۆ شارەکە و قەزاکە بهێنینە دێ •••

وە لەدوا ووتەم‌دا ئەلێم هەمو ئەو جۆرە پەۆژانەی کەوا تەواو کراوو نەکراو بەزووترین کات دێتە دی بەمەرجێ ئاسوورەیی و هێمنایەتی بگەرێتەوە ناوچەکە • وە بۆ ئەمەش بەئاواتەوەین چاوەرێ ئەکەیش کە جێ‌بەێ ببێ بنایەتی پاش شۆرشی (١٧)ی تەموزی پیرۆز •••

ئەتوانێ دەور بنوێنێ بۆ پێشخستنی‌شار • گەر لەسەر ئەم ئاشنایەتیەوە سرنجی بەلدیەی رواندز بدەین دەور کزی بۆمان دەر ئەکەوێ • بێ گومان ئەمەش ئەگەرێتەوە سەر کەمی ئیمکانیاتی بلدیە • بەلدیەی رواندز بودیجەی ٣٠،٠٠٠ هەزار دینارە وە لەم ٣٠،٠٠٠ هەزار لەبەر مەسروفاتی بەلدیە بە کرینی گازویل و دانی پارەی موزەفە ـ کان زیاد نامێنێتەوە بۆ کردنەوەی شتی ئەو تۆی پێویست • جونکە بەلدیەی رواندز چاوەرێی حکومەت ئەکات بۆ یارمەتی‌دانی وە

مرتضى الحديثي لەمەسەلەی کورد ئەدوێ

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش پەیوەندی راستەو خوو لەگەل کوردەکان بە ئاسانترین ریگا ئەبینی بو ئەوەی یکەن بە پیك هاتنیکی زوو بەزوو لە جارسەرکردنی مەسەلەی کورد •••

لە یەکەم پیویستیەکانی شورش ، دانانی سنوریك بو خوین رشتن و ئابوری ناوچەی ژوروو وە ••

مرتضى الحديثي ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسي عەرەبی سوشیالیستو ئەندامی سەرکردایەتی شورش لە ئاخافتنیکی لەگەل روژنامەی (الجمهورية)ی بەغدای‌دا ئەلی : هەلویستی پارتیمان بو چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد ناگوری‌و پەیوەندی‌مان لەگەل هەموو لایەکانی جوولانەوەی کوردی‌دا هەیە بو گەیشتنی بەم ئامانجە ••• وە داوای لە هەموو هیزەکانی کوردو عەرەب کرد بو ئەوەی هەولدەن لە پیناوی پی‌گەیاندنی چارە سەریکی ئاشتیانە •• وە ووتی ئەم بارە ئالوزاوەی کەوا (١٠) سالە دریژە ئەکیشی ناتوانری بە چەند روژیك چارە بکری و کوتایی پی بهینری ، بەلام بەئاوات و راستیەتی سەرکردایەتی شورش وە دەست گرتنەییان بە بیروباوەری‌و بریارەکانی پارتی

مەسەلەی کوردیان گەیانەووەتە چارە سەرکردنیکی ئاشتیانە •

لێ‌بووردنی سیانزە لەوانەی مەحکومن بە ئیعدام

بریارێك دەرچوو بە لێ‌بووردن لە سیانزە کەسی مەحکوم بە ئیعدام • لەوانەی مەحکەمەی عورفی سێیەم ، حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکردن لەسالی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٤ ، لەبەر بەشدار بوونیان لە رووداوەکەی موسڵدا • وە لەوانەی لێ‌یان بووردراوە ، عدنان جلميران ، فخري‌بطرس هاشم حسين، محمد عبداللطيف هاشم جاسم ، سعيد حمدى وە ئەوانەی تر •••

ئەمانە نزیکەی حەوت سالە لەژوری ئیعدام دان وە میری شۆرش بریاری بەردانی ئەوانەی‌دا

بۆ ئاگاداری

خوێنەوارانی بەرێز ئاگادار بەکەین‌کە رۆژنامەی «هاوکاری» دەرگای بەشداربونی سالانە ئەکاتەوە لەبەر ئەوە هەر خوێنەواریك ئەیەوێت لەرێگای « پوستە »وە ئەم رۆژنامەیەی پێ‌بگات ناو وەناونیشیانی تەواوی خوی بنوسی لەگەل ناردنی ئەو پارەیەی لەخوارەوە دیاری کراوە کە ئابونەی سالیکە وەناردن بەو ناونیشانەش ئەبێت لەخوارەوە نوسراوە :

ئابونە :

١٠٢٥٠ دیناریکو دووسەدو پەنجا فلس بۆ سالیك لە ناو عیراق دا •

٢٠٢٥٠ دوو دینارو دوو سەدو پەنجا فلس بۆ دەرەوەی عیراق •

ناونیشانی هاوکاری :

بغداد : المؤسسة العامة للصحافة والطباعة جريدة « هاوكارى »

تاقی کردنەوەکانی پۆلە تەواو نەبووەکان لە قوتابخانە پیشەییەکان •••

تاقی کردنەوەی دوای سال لە قوتابخانەکانی کشتوکالی‌و پیشەسازی‌و هونەرە ناو مالیە کان بۆ پۆلەکانی دوا نەهات لە هەموو محافەزەکاندا رۆژی شەممەی (٣)ی مایسی داهاتوو دەست پێ ئەکا ، بەلام لە قوتابخانە بازرگانیەکان کاتی تاقی کردنەوە وەك قوتابخانە ناوەندیەکانی تر ئەبێ •••



هونەر

هونەر ژیانو کردەوەو خەباتو داهێنانە ، پیش کشت شتێك پەیامیکی نەمرە بەرلەوەی وەستایەتیو خۆهەلکیشانو سینگ دەرپەراندن بێ • ئەم چەرخەی ئێمەش ، جەرخی ڕاپەرینو بێدار بوونەوەی و یژدانو مرۆڤایەتی مرۆڤە ، ووشیاری‌یەکە کە میللەتانی ناچار کردوە کە بەچاوێکی فراوان ترو قوول ترو بەربن‌تر سرنج لە ژیان بدەنەوە و زیاتر وورد ببنەوەو پتریشی لێ تێ‌بگەن ، بۆیە ئەو راستی‌یە خۆی بەسەر هونەرمەندا سەپاندوە .تا بەلکو بەگەرمیو بەتوندی داوای لێ ئەکرێ کە بەگۆرانیو ئاوازەکانی بە پەرەموچو تەلو کەوان پێنووسو تابلۆیەکانی ، رەنگ ڕێژی گیروگرفتی میللەتەکەی بێت ، لە قوولو ناسکترین شێوەی‌دا •- پەیغەمبەرێکی راستەقینەی بێ کە هەست بە پەیامەکەی بکات ڕادەی بەرزیو نزمی هەر هونەرمەندێیش تەنیا بەوە دەس نیشان ئەکرێ کە چەندو هەروا چۆن توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر زامو ئازارو ئەشکەنجەو نەخۆشی یەکانی کۆمەلەکەی • خوورەوشتو زمان و کەلە پوورو میراتو شارستانی ، سۆزو ئاوات و بەرژەوەندی و ئامانج و دواڕۆژ گشتی‌یان بەتێکرایی کەرستەی خاوی هونەرمەندە - هەر هونەرمەندێك - جا چ لەشێوەی دەنگ بێ یا نووسینو کردەوە بێ ، ئەمانە بە جەمسەریانەوە سەرچاوەی داهێنانن ، هیچ هونەرمەندێکیش ناتوانی نەمریی خۆی مسۆگەر بکات ئەگەر بەتەواوی لەم راستی‌یە سەری هەل نەدابێتو ئاوی زولالی ئەم کانیاوەی فرنەکردبێ زۆر ئاشکراشە هەر بەرهەمێکیش کە موچرکی گیانی نەتەوەو کۆمەلی لەگەلا نەبێت وەك بلقی سەرئاوە وەك کەفەژیلە بێ بەهایە ، تەنیاو بەس بۆ دەلاقەی عەنتیکە خانەکان ئەشێ •

هاوکاری لەگەل : هونەرمەندانی عەرەبا

لەم دوایی‌یەدا هەندێ لە هونەرمەندانی وولاتەکانی عەرەبی لە بەغدا ئامادەبوون و چەشنەها ئاهەنگی قەشەنگیان لەسەر شانۆی سینەمای سمیرامیس پێشکەش کرد ، لەم هونەر مەندانەش صباحو محمد رشدی و احمد غانم و محمد سلمان و جاکلین مونرۆ، پەیامنێری هاوکاری ئەمەی بەهەل زانیو لەگەڵ هونەرمەند محمدرشدی دوواو ئەمووتارەی لێوەرگرت : (دووجار گەیشتومەتە دیداری بەغدای ئازیز پێویستە لەسەر هونەرمەندانی عەرەب وکورد روو بکەنە سرودی شۆرشگێری بەجورێ کە میللەتی پێ هان بدەن و دوژمنانی پێ راوینێن• پێویستە لەسەر هونەرمەندان کە بەربەرەکانی ئەو گورانی‌یە نەرم وشلو زەنانەیە بکەن کە لە گۆشەیەکی تەسکی تاکەکەسی یەوە دەرئەچێ • گۆرانی بۆ گەل بلێن تا رۆژی سەرکەوتن • بەخواستی یەزدان لەفەلەستینی ئازیزا ئەبێ سرودبلێین بۆ کاروانی رزگاری •

لەم دوایی‌یە گوێم لەچەند گورانی عیراقی‌بوو لەتەك چەندەها گورانی عەرەبی زۆر سەرسام بووم بەگورانی کوردی کەئاوازەکانی زۆر لە ئاوازی گۆرانی هیندی ئەکاو زۆر خۆمالیو فولکلوری دیارن •

سوپاسم بۆ هاوکاری ئازیز، ،نیازخوازی سەرکەوتنو پێشکەوتنیمە لەکاری نیشتمانیا شان بەشانی براعەرەبەکانیان بۆ سەرخستنی فەلەستین و راونانی ئیستعمار •

پیاوی گەل

نوسینی : ظاهر محمد

یەکەم جار بوو لە مۆسکۆ ، سیمفونی یانزە هەمینی بە ناوبانگ (شوستا کوفیچ) پێشکەش کرا لە ژێر ناوی ١٩٠٥ ، لە کونسرڤاتواری مۆسکۆ • دەنگو ئاوازی بەگەرمو جۆشی ئەم بەرهەمە دلتەنگیو رقو کینەی خەلکە ساوایلکەکانی دەرئەبڕی هەروا خەونو ئاواتو کامەرانیو نیازو ئامانجیانی ئەدایە دەست دەردەنگی سەربەستیو ئازادی گوێ کەشکەشانی کەڕ کردبوو •

ئەوەی‌ئاشکرایە ئەم بلیمەتە هونەرمەندیکی‌میللی (یەکگرتووی شورەوی‌یە) وەخوشەویست ترین مۆسیقارە لەناخو دلی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەردەمە•

مۆسیقا سیمفونیەکەی یا (چوارچواریەکەی - رباعی -) کەپێك هاتوە لە چوار ئالەت بەئاسانی لە لەندەنو پاریسو رۆماو ،نیویورك و پراگو پەکین ئەتوانرێ گوێ لێ‌بگیرێ•

(شوستا کوفیچ) بەهێمنیو لەسەرخۆیی‌و رەوشتی بەرزی ناسراوە ، بەجۆری لە ئاهەنگەکانیا زۆر دلتەنگ ئەبێ ئەگەر هات و چەپلەی بۆ لێ‌درا •

پێش ماوەیەکی کەم ئوپێرایەکی کورتی داناوە ، بەناوی (مۆسکۆ جبریموشکی و زور داهێنەرانەش لە - اخراج - دا سەرکەوتوە ، ئەم ئوپێرایە لە تەواوکەری ئوپێرای (خۆڤانشینا)یەکە ئەیەوێ هەردوکیان بکات بەفلیمێکی سینەمایی دوای کورت کردنەوەی •

ئەم هونەروەرە بەهرەدارە ، ئەندامی (لێژنەی ئاشتی سۆڤیاتی)و سەروکی (کومەلی سوڤیەتی - نەمساوی)یە ، هەروا نوێنەریشە لە (ئەنجومەنی بەرزی یەکیەتی ڕوسی) •

(شوستا کوڤیچ) ڕۆلەی گەلو ڕابەری هونەرمەندانە لە نیشتمان پەروەری‌دا ، بەرەگو ئێسقانو گیانیەوە بەمیللەتەکەی بەستراوە ، هونەرەکەشی لە جەرگەو واقعی گەلەکەیەوە هەلئەقولی وسەر دەرئەدا ، بۆیە وا بەبایەخ و بەنرخ بەرزی‌دیتە بەرچاو ••!

تێبینی : لەژمارەی داهاتودا « گفتوگویەك لەگەل هونەرمەند ظاهر محمدبلاو ئەکەینەوە » •
[لاپەرەی هونەر]

لاپەڕەیەکی نەمر لە فولکلۆری کوردی

تابلۆیەکی فولکلور پێشکەشی هونەرمەندانی فولکلوری کورد بیت

گۆرانی تەنکێ

تەنك تەنك تەنکی
منداڵی دڵ فینکی
بەدەرززیلەی لێ داوە
سوخمە لەسەر مەمکی
سەرباری هەموو غەمان
تەنك بێنە و ماچەکی

●

هاتم لەلای بێتواتێ
دایکی لێ‌ینا ساواری
بەخوای ناوێرم بیخۆم
دەرمان ریوایم دەداتێ

●

هاتم لەلای بێخاری
دایکی لێ‌ینا ساوای
بەخوای ناوێرم بیخۆم
دەمداتێ ژەهری ماری

●

لەهەولێر بەرێ کەوتم
گەیشتمە شەقلاوە
لە لۆفەی سورامەوە
یارەکەم ڕاوەستاوە
بەدڵ سەلامم لێ‌کرد
بەچاو (علیك) ی داوە

●

هونەر

لەگەڵ هونەرمەند ئەسکندەر عثمان

پ - جوولانەوەی هونەر - بەگشتی - وەهونـــەری وینەگەری و تابلو بەشیوەیەکی تایبەتی چون دیتە بەرچاوتــان لەهەولیر ؟

و - لەپیشدا ئەبی ئەوە بزانری کە ئەم جولانەوەیـــە لەپیشدا هەر هەبوە بـــەلام بەم دوایی زور پیشکەوتوە و چاوە نـــواری شـــتی زلی لی بەدی ئەکری ئیستا رووی کەشی ئەم جولانەوە زور ئاشـــکراو روشنندارە ، هونەری وینەگەری و تابلوش لەم شارەدا ئیستا چەندەهـــا هونەرمەنـــدی هەلکەوتوو ئەرکی پیشکەوتنیان خستوەتە سەرشانیان •

پـ ئایا هەولتانداوە ـ لەگەل برا هونەرمەندەکان - بـــو دامەزراندنی تیپیکی تایبەتـــی بەخوتانەوە ؟

و - بەراستی تائیســـتا هەموو لایەکمان هـــەولو تەقەلایەکی زورمان داوە بو هینانەدی ئەم خەونـــە بەرزە و دامەرزاندنی ئەم تیپـــــە چاوەنوارکراوە ، بەتایبەتی لەم سالانەی دواییدا ، گـــەرچی تائیستا ئەم ئاواتەمان دەســـت نەخستوە ، بەلام گشت لابـــی ووچانبەردەوامین بو ئـــــەم مەبەستە پیروزە •

پ - هەتائیستا لـــــەچ پیشانگایەکی هورنـــەری - لەهەولـــــیرو دەرەوەی بەشداریت کردوە و لەبەرچی ؟

و - بیگومان لەم کارەمـــا دوانـــــەکـــــەوتووم ، بەرزیکەوە •

پ - ئەو پروژانەی کەبـــو دواروژت داناوە چین ؟

و - چەنـــــد تابلویەکی کوردیم لەبەردەستایە ، ئەمەوی لە پیشانگایــــەکی تایبەتی بەکوردستان بلاوی بکەمەوە •

پ - دوا ئـــــاوات ودوا وشەت چییە ؟

و - دوا ئاواتم ئەوەیـــە کە هونەری نەمری کـــــورد بەسەرفیرازی ببینم پەیـــامی میژویی خـــــوی چـــــون ئەگەیینیتـــــــەجی ، هونەرمەندانیشـــــمان روو لەبەرزیو روشنبیری و نیشتمان پەروەری بکەن •

★ ★

چەند پرسیارێك طلعت سامان

هونەرمەند (سامان) ئەو لاوە کوردەی کەئیستا لەسالی کوتایی خویندنی ئەکادیمیـــەی هونەرە جوانەکانە و یەکیکـــە لەو جگەرسوزانەی کەبەتەواوی هەست بەئەرکی سەرشـــانیان ئەکەن بەرامبەر بە هونـــەری کوردی سەگشتیو بەهونـــەری شانو بەتایبەتی وهەمـــوکات ودەرفەتیکیشی تەرخان کـــردوە بو ئەوەی رووی گەشی هونەری کوردی بەگشتیو بەهونـــەری بیگانەی بدات ، بویــــــــە بەشانازییەوە - لاپەرەی هونەر - پیشوازی کاکە سامانی کردو ئەم چەند پرسیارەی ئاراستەی کرد •

پ١ - ئایا چ مەبەستـــی بوو کـــەپالی پیوەنای بـــو دامەزرانـــــدنی ئەم تیپـــــە شانوگەرییە ؟

و - دامەزراندنی تیپیـــکی شانوگەری لەبەغدا بیریکی نوی نیە لەمیشکما بەلکو دەمیکـــە پیوەی خەریك بووم ، بـــەلای منەوە بوونی تیپیکی ئاوا لـــــە پایتـــــەخت پیویســـتیەکی سروشـــــتییە بوپیشاندانی هونەرو ئەدەبی کوردی بەبـــرا عەرەبەکانمان •

پ٢ - تائیستا چیتـــــان پیشکەش کردوە ؟

و - جاری لەبەر هەنـــدی کەموکورتی روتینی ناتوانـــین لەسەرشانودا ئیش بکەین بـــەلام ئومیدەوارین ئـــــەم خەونەمان دەسگیربیت •

لەم دوایییە ئیسگەی کوردی دەستی یارمەتی بو دریژکردین بو ئیش کردن لـــە - ئیسگەو تەلەفزیون - لەم روژانـــــە چیروکیکمان لەئیسگەی کوردی بلاوکرایەوە بەناوی (دەروون مردوەکان) •

پ٣ - ئایـــــا لە میراتی فولکلوریمانا چ مادەییـــــکی خاوەهەیە کەدەس بدات بکری بەکاریکی هونەری تەمسیلی ؟

و - هەزارەها چـــیروکی نەنوسراو - دەوری ئاگردان - شەرەفنامەو کـــاوە ، خانز د ، مەمو زین ، مامەیارە ، قەلای دمدم، کوماری مهاباد ، میژووی کـــــورد بەگشـــــتی • لەکوردستانیش روژنیـــــە رودآویکی درامی روونەدات ، ژیانمان درامایە ، مردنمـــــان درامایە بەلام ئافەرین بـــــو ئەوکەسەی کە ســـــوودی لیوەرنەگری و ئەیخاتـــــە چوارچیوەیەکی هونـــــەری خومالییەوە •

پ٤ - بەلای تووە کامـــە شانونووسی جیهـــانی دەوری بینیوە وکامەیان کـــــاری تیکردوی ؟

و - چیکەف ولورکا چیکەف بەجیهانە ناسکە سازگارەکەی ، لورکاش بەجیهانە ساکارەکەی جووتیـــارەکـــانو خیـــو ئەفسانەکەی • ئەم دووبلیمەتە گرنگترین نووسەرن بەلامەوە ، هەر ئەم دووانەش زورکاریان تی کردوم •

پ٥ - ئایـــا چ پروژەی هونەریت بەدەستەوەیە ؟

و - پاش گەرانەوەمان لـــە پشوودانی بەهار - ئەندامانی تیب ، قوتابین - ئومیدەوارین داستانی (فەقی ئەحمـــەدی دوارشمانە) تومار کەین بـــو تەلەفزیونی کەرکوك ، جگـــە لەوەش ریمان دراوەتی هـــەر هەفتەیەك چیروکیك بـــــو ئیستگەی کوردیتومار بکەین•

دەنگ و باسی هونەر

وردە هەواڵی هونەر

× هونەرمەند تحسين طـه چەند گۆرانیەکی تازەی ئامادە کردوە بۆ تۆمار : (زاخو - ببیـــکوزاوا - نەڤرۆز- دلێرایت وەلاتێ) •

× کتیبی کەلوپـــەلی میللی فولکلـــــوری (بەفولکلـــوری کوردیشەوە) کە هینی مامۆستا عامر سـامرائییە ، ئیســـتا - مخرج ـی سینەمایی قاسم سعدی ئەیەوێ بیکا بەفلیم •

× هونەرمـــەند جرجیس عزالدین گورانیـــەکی تازەی ئامادە کردوە بەناوی (گچـە کورد) لەشیعری عثمـــــان شارباژیری •

× لەم روژانە چیروکیـــکی شانویی بەناوی (چارەرەش) قوتابخانەی ئامادەیی هەولـــیر پیشکەشی ئەکا کە ئەدەرهینانی کاك صباح عبدالرحمانە •

× لە ١٥ ئەم مانگـــــەدا پێشانگای دەوڵەتان ئەکرێتەوە لە مۆزەخانەی ئوزاکا کەگشت دەولەتانی جیهان بەشـــداری تیایا ئەکەن ، مەبەستی ئـــەم پیشانگایـــەش ئەوەیە کـــــە (پێشکەوتن و گوڕانی هونەر) پیشان بدا هەر لـــە کۆنترین چەرخەوە تا تەمرۆ • ئـــەوەی جێگەی باسیشە ئەوەیە کـــە عیراق بەشداری تێـــدا کردوە بۆ پیشاندانی دەستی بالانمای وولاتەکەمان لەباری هونەرەوە•

× فـــەقی ئەحمـــەدی دارەشمانە ـزنجیرە تەمسیلیەیە کە ئێستا وا پروڤەی لە سەر ئەکرێ بۆ تلفزیۆن ، لەلایەن تیپی (قوتابیانی هونەر) و بەسـەرپەرشتی کـــاك طلعت سامان •

× لەنامەیەکی تایبەتییەوە کە لەشاری مینا پولســـەوە گەیشتوە ، وا ئەگەیینێ کـــە کچـــە پیـــانۆ ژەنی عیراقی بیاتریس ئۆهانسیان دەســـتی کردوە بەخوێنـــدنی ئەکادیمی بۆ ئـــەوەی دەرســـــی کۆرس فێرببێ لەزانستی مۆسیقادا •

× هونەرمەند فوءاد احمد چەند گورانیەکی ئامادە کردوە بۆ نەورۆز ، لەم دواییـــەدا کاك فوءاد چەند گۆرانیە تازەی لەئێستگە تۆمار کردوە •

سۆپاس :

زور سوپاسی کـــاك ئازاد ئەحمەد لە هەولێر ئەکـــەین دەربارەی ئەو یارمەتییەی کە ئەیدا بۆ لاپـــەرەی هونـــەرو وێژەو وەرزش •

هاوکاری

لەزورەها پیشانگای هەولـــیر بەشـــدارم کـــــردوە بەسەرکەوتوویی ، بـــــەلام تائیستا لەدەرەوەی شـــــار - بەداخەوە - هیچ هەولیـــك نەدراوە بو بەشداری کردنـــم لەپیشانگاکان !

پ - ئەو هویانەی بەرای تووە کە ئەبیتە مـــــایەی پیشکەوتنی هونەر چییە ؟

و - بەلای منەوە زور هو هەیە بو ئەم پیشکەوتنە ، بەلام هەرە گرنگترینی لای من : یەك گرتنی هونەرمەنـــدەکان و دور کەوتنیان لە - حساسیەت - و خوهەلکیشان وهەروا ئەبـــی میریش لەم کـــارە کەمتەرخەمی نەکا بو هانـــدان وپیشخستنی

ویژە

- کامەران - وکاروان

لەکورتەووت وویژیکدا

⊙ حسین عارف ⊙

بەدەم وتوویژیکی ئەدەبیی هەمە چەشنەی دوورو دریژەوە ، باسمان هینایە سەر باسی کامەران و :

وتی : کامەران پی بەپی کاروان ناررواو داویتی یە دواوە ٠

وتم : بەلگەت چییە ؟!

وتی : کوا بەرهەمی ؟!٠

وتم : ئاوات و رەنج !٠٠

وتی : لەچاو ئەوتیین و تەووژمەی جارانیا هیجگار کەمە ٠

وتم :

زور وشەی جوان و گەشی وەك ئاگر
لە دلی منا بوون بە ژیبلەو
زور شیعری گەرم و شیرین و نەمر
بەدیل گیراون وەکو من وتۆ

وتی : ئەوە بەهانەیەکی پووچە !٠٠ لەوە پیشیش گەلیك کوسپی سەختی لەبەر دەمابوو ، زور چورتمی ترسینەریش ریگەیان لی ئەبەست ٠ کەچی بەتین و تواناو بەهرەی خوی ، توانی شاعیری یەتی خوی بەگشت لایەك بسەلمینی و لە سەردەمیکا لەرییزی پیشەوەدا جیگایەکی بلند بوخوی مسوگەر بکا بەلام ئیستا ، لە کاتیکا کەزوربەی ئەو کوسپ و چورتمانە لە ئارادا نەماوون ، ئەم ئەداتە دواوەو لەکاروان دوا ئەکەوی!!

وتم : ئەم قسەیەتم زور بەلاوە مەبەستە ٠٠ باکەمیك لەسەری بوەستین !٠٠ تو بەلگەت چییە کە کوسپ و چورتم ئیستا لە سەر ریگای کامەرانا کەمترە وەك لەجاران؟

وتی : کامەران شاعیریکی کوردە ٠٠ وە نەتەوەی کورد ئیستا بەرەنگاری گیروگرفتەکانی جاران نابیتەوە ٠٠٠ واتە کامەران روو بەرووی پلەیەکی نوی ئەوەستیتەوە کە بەرای من ماوەی تەقینەوەی بەهرەو توانای زیاتر ئەخاتە بەردەم ٠

وتم :

بستیکم نەدی لەم خاکەجوانە
خویناوی کوردی پیا نەررژابی
یا چیایەکی ئەم کوردستانە
هەزاران میشکی تیا نەپژابی
بویە بەتەنیا هەر دلوپی خوین
بو شیعرەکانم ئەکەم بەهەوین

بروانە لاپەڕە (١٤)

گفتوگۆیەك لەگەل

دوکتۆر عیزەدین مستەفا

پ : کەی دەستت دایە نووسین ؟

و :-

گەر پێویست بێت هەموو بەباسی یەکەم بەرهەمی خۆمان و سەرەتای دەستدانە نووسین دەست پێ بکەین ، ئەوا ئەوەندە ئەنووسم ، کە سەرەتای دەستدانە نووسینی منیش وەك زۆر نووسەری ترمان ، لەقوتابخانەو ڕۆژنامەی دیوارەوە دەستی پێ کردووە ، کە هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی یەوە تا پلەی ناوەندی تەواو کردن لەگەلمانا هات و سەیر ئەوەیە کە لەپلەی خوێندنی دوکتۆراشدا لە کوڵمان نەبۆوە ، چونکە لەووڵاتی سۆڤێت ، لەو (خانووی گشتی) یانەدا کە قوتابی تیا ئەنوون ، قوتابیی زۆر کونجی ئەم جیهانە یەك ئەگرن و ئەو ڕۆژنامە دیوارە ، لەناو چوار دیواری ئەو (خانووی گشتی) یەدا بەیەکیان ئەناسێنێ پاش ئەم پلەیەو بۆ سەرەتای دەستدانە نووسینم

بلاو کردەوە ٠ پاش ئەوە لە ساڵی ١٩٤٩ تا ١٩٥١ نامەی سلیمانیم بۆ ڕۆژنامەکانی ، ڕۆژنامە نووسی پێش کەوتن- خواز لوتفی بەکر سدقی ئەناردو سێ ساڵ لەسەریەکیش لەسەر نەورۆزم ئەنووسی ٠ لە گۆڕی ئەدەبیاتیشدا ماوەیەك دەستم دایە وەرگێڕانی هۆنراوەی کوردی ، ئەو دەمە دیلان تازە دەستی دابووە شیعر نووسین، منیش هەر زوو بەخوێنەرانی عەرەبم ناسی و پارچەی (ڕێگا) یم لە ڕۆژنامەیەکی شاعیر گەورەی عەرەب مامۆستا جەواهیردا کرد بە عەرەبی ، دوا بە دوای ئەوە لە زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاری عەرەبیی عیراق و سوریاو لوبنانا شیعری کوردیم ئەکرد بە عەرەبی ٠

بۆ کوردی نووسینیش ، وەك (محەمەدی مەلا کەریم) لە قوتابخانەکەی گۆرانی مەزندا قاڵ بووم ، مەبەسم ئەو دووساڵەی ڕۆژنامەی ژینە (١٩٥٣ - ١٩٥٤) کە گۆران سەر نووسەری بوو ، لەو

یادداشتێکی دوورو درێژن ٠ وا ئەزانم زۆر ناخۆشە نووسەر خۆی بێت باسی بەرهەم و نووسین و خزمەتی خۆی بکات٠ بەڵام هەندێ لاپەڕەش هەیە کە هەوڵی شاردنەوەیان بدرێ

ئەدیبی ریالیستی سۆشیالیست لەباڵ نووسینەکەیدا تێکۆشەرێکی ڕێگەی بیروباوەڕەکەیەتی

یا بلێیم بۆ سەرەتای دەستدانە بلاو کردنەوە - ئەبێ یادداشتێك تۆمار بکەم و ئەوسا بێمە سەر باسەکە ، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ بیرروونالکو نووسەری ناودار محەمەدی مەلا کەریما دەمێکە پێوەندیمان هەیە ، کە ڕەنگە لە منداڵی یەوە تا ئێستا هاتبێ و ، وای کردووە زۆر بەشی ژیانمان لەیەك بچێت یا ئەو لەیەك چوونە پێوەندی یەکەی پتەو کردووە ٠

جا بۆیە زۆر لەو شتانەی ئەو دەربارەی نووسین و بەرهەمی خۆیی نووسیوە ، لە ژیانی منیشدا دووبارە ئەبێتەوە بۆنموونە : منیش وەك ئەو یەکەم نووسینم بەعەرەبی و لە ڕۆژنامەی (ألنداء)ی بەغدا دا لە ساڵی ١٩٤٨ دا بەعەرەبی

دووساڵەدا بەردەوام شتم ئەنووسی ، گۆرانی نەمریش بەو گیانە بەرزەی خۆیەوە ، کەگیانی زانایەك و شۆڕشگێر- ێکی ڕاستەقینە بوو ، گیانی خۆ بەبەرزدانەنان (تواضع) ڕێگەی پێشان ئەدایین و چەوتیی بۆ ڕاست ئەکردینەوەو کوردی نووسینی ڕاستەقینەی فێر ئەکردین ٠

ئەمە دەربارەی سەرەتا : بەکورتی لە (١٩٥٠) وە تا ئەم دوایی یە بە ناوی خۆمەوەو بەبێ ناو و بە گەلێك ناوی شارراوە وە لە زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەدا ئەمنووسی ٠ چەند ساڵیکی نووسینی هەموو ڕۆژەی دەرەوەی ووڵاتیشم هەیە کە ئەوەش و ئەو شتانەی تریش، کەرەسەی نووسینەوەی

پیاو وا لێ ئەکات کە بیانخاتە بەرچاو ٠ بەکورتی ئەو یادداشتە - لە شێوەی نووسینێکی ئەدەبی یا ئامادە ئەکەم ، کە بەڕاستی یادداشتی من نی یە ، بەڵکو یادداشتی سەربازو پێشمەرگەی نەتەوەیەکی تێکۆشەرو بیرو- باوەڕێکی شۆڕشگێرانەیە کە لەجیاتی چەك ، قەڵەمی دراوەتە دەست و هیوای وایە کە بەو پەڕی فیداکاری و پاکی و نەترسی و دڵسۆزی یەوە بێ پشوو وەستان و کۆڵدان بەرهەمی بەخەڵك بگەیێنی و ووشەی پاك و نەترسی شۆڕشگێرانەی چ لەقاڵبی بەرهەمی ئەدەبی یاو چ لەقاڵبی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی عیلمی یا ، بەزمانی کوردی ، یا بەزمانی تر (بەڵام لەبارەی کوردەوە) پێشکەشی خەڵك بکات ٠

پ٢: لەنووسینا٠٠لەکوێوە بیر ئەکەیتەوە ؟ وە ئەگەیتە چی ؟

و ٢ : بێ گومان هەر وەك لەوشتانەوە دیارە کەنووسیوومن هەر لەسەرەتای دەستدانە نووسین و خوێندنەوەو چوونە کوڕی بیرەوە، باوەڕێکی بەتینم بەمارکسیزمی - لێنینزم بووەو ڕۆژ دوای ڕوژ ژیان ئەو

هەواڵی ویژە

● **گوڤاری - هەولیر -** ٠

شارەوانی هەولیر گوڤاریکی مانگانەی ئەدەبی بەناوی - هەولیر -ەوە دەرئەکات وە چیروك نووس محمد مولود (مەم) کاروباری سەرنووسیاری ئەم گوڤارەی پێ سپیرراوە ٠

● **چیرۆکەکانی مەم** ٠

لەم روژانەدا چیرۆك نووس محمد مولود (مەم) (١٢) چیروکی لەژیر ناوی - چیرۆکەکانی مەم - دا بلاو کردەوە ٠

● **کومەلەی هونەرو ویژەی کوردی** ٠

شەوی هەینی رابوردوو - کومەلەی هونەرو ویژەی کوردی لە سلیمانی - ووتوویژیکی ئەدەبی لە تەلەفزیونی کەرکوکدا ریکخست کە برایان أمین میرزا کریم ، نوری وەشتی وە جیهان عمر تیایا بەشدار بوون ٠

لەم ووتو ویژەدا بەتیکرایی باسی دامەزراندنی کومەلەکە کرا لەگەل پەیوەندی ئەم کومەلەیە بە یەکیتیی نووسەرانی کوردەوە کەبریتی ئەبیت لە پەیوەندی یەکی ئەدەبی و یارمەتی دان لەنیوانیانا لەبەرئەوەی هەردوو لا ریك- خراویکی لەیەك جیاو سەربەخۆن ٠٠ وەگەلیك باسی تری لەم بارەیەوە کراو تیپی تایبەتی کومەلەش چەند ئاوازیك و گورانی یەکی پیشکەش کرد ٠

وابریار بوو ئەم بەشە لە تەلەفزیونا ماوەی نیو سەعات بخاینێ ٠٠ بەلام بەداخەوە ئەو بەلێنە نەبرایە سە کە ئەمەش ئەگەریتەوە بۆسەر کەمتەرخەمی تەلەفزیونی کەرکوك ٠٠ هیواداریین لەمەودوا نەك هەر نیو سەعاتەکەش بێت بەلکو پتریش بکریت ٠

باوەڕەی پتەوتر کردووم و وای لێ کردووم کە خۆم بەسەر بازێکی بچووکی بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕە بزانم و لە کۆڕی ژیانیشدا لەپێناوی سەرخستن و هێنانەدیی دا تێ بکۆشم . ژیان خۆی ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەوە ئەسەلمێنێ کە بیروباوەڕی سۆشیالیزمی عیلمی ڕاستترین پەیڕەوو ڕژێمی سۆشیالیتیش عادلترین ڕژێمە .

لەلای ئێمەش ئەوەتە ئەبینی ڕووداوەکانی ژیان هەرخەریکی داچەسپاندنی ئەم ڕستییەوەو تادێت لەکوردستانا بیروباوەڕی سۆشیالیزمی زیاتر ئەچێتە ناو ڕیزی زەحمەتکێشانەوەو کەسانی تازەی دەستەی بیر ڕووناکیش ئەدەنە پالی .

مارکسییەکانی کوردستان ، هەقی ئەوەیان هەیە کە بە شانازییەوە بڵێن ، گەلێك لە بیرڕووناکە ناودارەکانی کوردستان و لە شاعیرو ئەدیب ، لەمەوبەر مارکسی بوون ، یا لەئەنجامی کێشەی بیروزیاندا هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە : لەناو ئەدیبە کۆچ کردووەکانمانا ناوی ، عەبدولواحید نوری و گۆران و شێخ مارفی بەرزنجەیی و دڵدار ، کەهەلگری ئەم بیروباوەڕە بوون ، ئەدرەوشێنەوە ، ئەوانەش کە هێشتا ماون ، ئەوا زۆر ئەدیبی ناودارمان هەیە کە یا ئێستاش لەسەر ئەو ڕێبازەن ، یا لە پەیدابوون و گەشە سەندنی بەرهەم و بیریاندا قەرزاری ئەو ڕێبازەن مەبەسم لەم پێشەکییە ئەوەیە کە بڵێم ـ لە جیهانی ئەدەبیاتدا ئیسلاحی (ریالیزمی سۆشیالیستی) بەرامبەر بەبیری مارکسیزمی ـ لینینیزم

زوربەی ئەدیبەکانمان بەجەرگ و نەترسن

ئەوەستێ ، بۆیە بە باوەڕێکی بەتینەوەو لە ئەنجامی تەجروبەدا ئەڵێم :کە پەیڕەوی ریالیزمی سۆشیالیستی لە ئەدەبی کوردیدا دەمێکە پەیدا بووەو وورده وورده ئەبێتە قوتابخانەیەکی ئەدەبیی ئەوتۆ کە سنووری دیار بێ .

ڕەنگە لای هەندێ کەس تا ئێستا بیرێکی سادە دەربارەی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە هەبێت ئەویش ئەوەیە کە (ریالیزمی شۆشیالستی) تەنیا لە کۆمەڵێکی سۆشیالیستی ڕژێمدا ئەبێت . بەڵام ئەمە ڕاست نییە . ڕاستی ئەوەیە کە لەووڵاتانی سۆشیالیستیدا هەموو ئەدەبەکەیان ئەچێتە سنووری ئەو قوتابخانەیەوە ، چونکە لەو ووڵاتانەدا چینی خوێنمژی (دەرەبەگ و بۆرژوازی) نەماوە ، بۆیە نەبیروباوەڕو نە ئەدەبو نە

بروانە لاپەرە (١٤)

ویژە ویژە

بابەتاهیری هەمەدانی شاعیرێکی کوردە

نوسینی : محمد حسن جوجە

شاعری بەرزی کورد بابە تاهر لە ساڵی ٩٣٥ زایینی لە لە هەمەدان هاتوتە دنیاوە ، لە بنەماڵە لوڕەکانە زۆربەی ژیانی بە دەروێشی بردووتە سەر دیۆانەیەکی بێ پەروا بووە ، دەشت و چۆڵگەکانی کوردستان گەڕاوە و سەری داوە لە هەمو ناوچەکانی کوردەواری و شارەزایێکی تەواوی لە هەمو شیوەکانی کوردی پەیداکردوە بەڵگەش بو ئەمە هونراوەکانی خوایەتی .

بابەتاهر سەرەتای ژیانی دڵێ بە دیمەن و چیاو کێوەکانی کوردستان پشکوتوە دەنگی بولبول و قاسپەی کەوی شاخەکان و باڵا نەمامی فاتیمە کاری تێ کردوە ئەمانە هەمو بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی هونراوەکانی . بابە تاهر فەیلەسوفێکی دەوری خۆی بووە هەمو شتێکی بەچاوی خۆی بینیوە تەماشای هەموو سوچێکی دونیای کردوە لە ساڵی ١٠١٠ زایینی مردوە هەر لە هەمەدان لەسەر تەپۆلکەیێك بەناوی (بن بازار) ناشتویانە .

تا ئێستا زور کەس لەو باوەڕەن گوایە بابە تاهر فارسەو چوارینکانی بە فارسی داناوە بەتایبەتی فارسەکان قسەیان لێ کردوەو لەمبارەیەوە دواون بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە بدەینەوە کە بابە تاهر فارس نیە بەڵکو بەپیچەوانەوە بابە تاهر کوردەو چوارینە کانیشی بە کوردی داناوە ئەڵێن :ـ

یەکەم : وەکو زاندراوە بابە تاهر بەپێ مێژووی ژیانی و هونراوەکانی خۆی بە(هەمەدان) ناسراوە شکیش لەوەدانیە کە هەمەدان شارێکی کورد بوە هەر لە کۆنەوە تائیستاش بەزۆری تیرەی لوڕی تێدا ژیاوە . بابە تاهر خۆی یەکێکە لەو تیرەیە وەهەر لە هەمەدان ژیاوە وەك خۆی ئەم چوارینە (رباعیە) دەری خستوە ..

از ان سپیدە بازم هەمەد نی
بە تەنهای کرم نێچروانی
همی بەمن دین ندو چرغ وشاهین
بەنامی من کرند نێچروانی

ئەوە لێرەدا بە پێی مەلبەندو جیگای لەدایك بوونی کوردەو گومانی تێدانیە .

دووەم :ـ لە کاتێکا بەوردی سەرنج ئەدەینە چوارینەکانی بابە تاهر لەرووی زمان و ڕێزمان و بەکارهێنانی ووشەکانی ئەوساتە ئەوەمان بەتەواوی بۆ دیارئەکەوی ئەبینین بەگشتی ووشەکانی کوردین و بەدەگمەن ووشەی فارسی بەکارهێناوە ئەو ووشە فارسیانەی کە بەکاریشی هێناوە ئەڵێن بە تەواوی مولکی فارس نیە بەڵکو هاوبەشن لەنێوان کوردی و فارسی ، چونکە وەك ئەزانین زمانی کوردی و فارسی لەیەك بنەماڵەن ئەویش بنەماڵەی ئێرانیەکە بەشێکە لە بەشەکانی هندو ئەوروپی . جا لێرەدا بەکارهێنانی چەند ووشەیەکی فارسی لە چوارینەکانی بابە تاهر ئەوە ناگەینی کە بابەتاهر کورد نەبووە . چونکە لەهەمو زمانێکدا دوو جۆرە ووشە هەیە بەکاردێت جۆری یەکەم ئەو ووشە بنچیانەن نە زمانەکە خۆی وە لەهیچ زمانێکی تر بەکار ناهینرین . دووەم ئەو ووشانەن کە هاوبەشن لەنێوان ئەو زمانانە کە لەیەك بنەماڵەن وەك زمانی کوردی و فارسی وە هەریەك لەمانە بە پیی پیویستی خوی بەکاری دێنن .

جا لەبەر رۆشەنایەتی ئەوانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بۆ نمونە چوارینەکی بابە تاهر ئەهێنینەوەو لێکی ئەدەینەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەوەمان بۆ دیار بکەوی کە بابە تاهر تاچ رادەیێك چوارینەکانی کوردین و چەند ووشەی فارسی بەکار هێناوە بابە تاهر ئەڵی :ـ

زبۆی زولفی تۆ مەفتونم
ئەی گول
زرەنگ و روی تو دن خونم
ئەی گول
منی عاشق زعەشقت بێ قرارم
تو چون لیلی و من مەجنونم
ئەی گول

لەکاتێکا کە سەرنج ئەدەینە ووشەکانی [بوی ، زولف ، مەفتون ، گول ، رەنگ ، روو، دل ، خون ، عەشق ، قرار ، تو ، من] بەگشتی ئەمانە هەمو ووشەی کوردین وە لە هەمو ناوچەکانی کوردستان بەکار ئەهینرین لەگفتوگۆ کردنا تەنها ئەمینیتەوە سەر ووشەی (بوی) کە فارسەکانیش بەکاری ئەهێنی هەروەها کوردیش لەزۆر ناوچەکانی کوردستان بەکاری ئەهینی بەتایبەتی لە ناوچەی هەورامان هەروەك لەسەرەوە باسمان کرد ووشەی هاوبەش هەیە نە نیوان زمانی کوردی و فارسی بەپی ئەو لێکولینەوە یە (بوی) مولکی کوردو فارسەو بەپی پێویستی خۆیان بەکاری ئەهێنن کەوابوو بەپیی ئەو لێکولینەوەیە کە لەوچوارینەمان کرد بەهیچ جۆرێك ووشەیەکمان نەدۆزیەوە کە لە ناوچەکانی کوردستان بەکار نەهاتبی ئەی چ شتێکی تر هەیە کەفارسەکان بکەنە بەڵگەو بڵین چوارینەکانی فارسیە .

تاوگەی ووشە

ـ هاپۆ قوربانێ ! هەموو جارێ بەمن ئەڵێی :

ـ چییە؟ خەمکەی خەمانی؟! ئەرکی خەم و پەژارەی جیهانت گرتووەتە سەرشان ؟

ـ چی بکەم ... هاپۆ گیان! کە خەڵکی (هێشتا بە (ڕەش) ئەڵێ (سپی) و بە (سپی) ئەڵی (ڕەش) ، تاوانی ئەم بەکار هێنانە چەوتە لە خۆم ئەزانم ، ئەوان (ووشە) بەند ئەکەن .... ووشە ئازار ئەدەن ... ووشە ئەچەوسێنن‌ەوە .

ـ بەس ! بەس ... (ووشە) ؟! خەمی ئەمەت مابوو برازا ! (ووشە) چۆن بەند ئەکرێ ؟

ـ هاپۆ ! ووشە خشتی بنەرەتی زمانە ، زمانیش خولقا بۆ چەسپاندنی پەیوەندە مروڤایەتییەکانی ئارای ئەندامەکانی کومەل ... هەر ووشەیەك ئەرکێکی هەیەو بەپچراوی ئەبەستێتەوە ، تو ئەڵێی : هەموو ووشەیەك ؟ ووشەی پیس و ناشیرین و چلکنیش هەیە ! وانییە ...

هاپۆ ! هەموویان جوانن ، بەرزن ، زیندوو گیانن . ووشەیە ناشیرینم بۆ دێنێ ؟!

ـ دەردەکەی تۆ ، بووە (بەرد)ێ و چووە سە دڵم . سەیر ئەم (بەرد)ەکە . جوانە !

ـ بەڵی : لە (بەرد) جوانتر هەیە ؟ چەند کۆشك و تەلار ، لە (بەرد) دروست کرا ؟ چەند قارەمان سەری سپاردە بن تاشە بەردێ بەسەر بەرزی !؟ چەند پەیکەری ئەمر لە بەرد تاشراوە ؟ چەند ووشەی جوانیش لەم ووشەیەوە پەیدا بوو ؟

ئەڵێن :ـ (نەبەردە) ، تەنیا نەبەردە ترەو ئەباتەوە دەس لەتەمەڵی (بەردە) : ئەم چەرخە،تیژرەوە چاوەڕوانی کەس ناکا .

لە مەتەڵی کوردیا جانەوەری واهەیە بە تاکە (بەردێ) سوپایەك ئەفەوتێنێ .... ئەژدەهای هەزار سەر ئەنجن ئەنجن ئەکا .

هەزارو یەك دەردەکەی کومەڵەکەمان ، بەتاکە بەردێ لە ژیان ناکەون ... دەك بەردتان بەسەرا بباری ... ئەی پاشکەوتن و چەوسانن‌ەوەو کوێرەوەری !

ئەو کونەپەرستو ئاغاو ڕرق لەبەرانە ، کە (لەغم) لە ڕێگای گەلدا ئەچێنن .... دەسکەوتیان تەنیا بەردە بارانە بەسەر لاشە گەنیوە

بروانە لاپەرە (١٤)

بەڵێ نووسیلك

بۆ کچێکی ساویلکە

عبداللە پەشێو



لەدوورەوە ناوت بیستوم
ناشارەزا ، خوشتویستوم!
گوایە زۆرچاك من ئەناسی
ئامادەی خۆت بۆم هەڵواسی
بەلام نەکەی ، نەکەی گیانە
باپێت بڵێم ، چاك بزانە :

●

ئەو جیهانەی تۆ ئەتەوێ
هەرگیز لای من،دەست ناکەوێ!

●

جیهانی من ، هەموی خەمە
زەردەخەنەی ، ئیجگار کەمە
تەلاری من ، کەلاوەیە
جێی پەرتووك و هۆنراوەیە !
ئەوەی رووگەی دڵ و چاوە
تەنیا بتێکی شکاوە !
بۆیە دووربە ، لەژینی من
لەجیهانی خەمگینی من
دوور بە لەمن ، لە بەدبینیم
لەشەوانی بێ سەرینیم !

ماوەتی

بروانە لاپەرە (١٤)

ئافرەت

ووتە

ئافرەتانی کوردو ڕۆژی ئافرەتی جیهانی

خوشکی بەڕێز :

لەهەشتی ئـەم مانگەدا ،جەژنی ئافرەتانی جیهانە ••• ئافرەت ، کـەنیوەی دووەمیکۆمەڵەو شایانی ئەوەیە ڕۆژیکی تایبەتی هەبێت ، تیا جـەژن بکرێت‌و بـەرزیو بـەرێزی ئافرەت بسەلمێت •••

گومان لەوە دانیە ، ئافرەتی‌کوردیش ، کـە بەشداریەکی مەزن‌و پڕشانازی کردوە لـەخەباتی سـەختی نەتەوەی کورداو شان بەشانی براکانی‌کەم تەرخەمی نەکردوە لە بەجێ هێنانی ئەرکی پیرۆزی سـەرشانی لەم ڕووەوە ، دیسان خەباتی ئـەم ڕۆژگـارە نوێ‌شانی لەم ڕووەوە ، دیسان لە چاوکـراوە تر بوە و زیاترشارەزای پەیاکردوە و بـەم جورە ئاگاداری ژیانی گـەلانی‌دۆست‌و گەلانی تیکوشەربوەو کەم تەرخەمی نەکردوە لـەدەرخستنی هاوکاری و پشت گیریا بۆ خـەباتی ئافرەتانی‌جیهان •

ئەمڕۆش بەشـانازیە وەجەژنی ئافرەتانی جیهـان ، ئافرەتی کوردیش ئەگرێتەوەو بەم بۆنەیەوە خوشکانی کورد بانگ کراون بۆ زیاتر هەست‌کردن بە ئەرکی پیرۆزی سەرشانیان لەبەشداربونی ڕ‌ستەوخوی خەباتی پڕشانازی‌نەتەوەی کورد بۆ زیاتر بەرەوپێشـەوەچون •

وەئەوەش لەیاد ناچێت کـەئافرەتی کورد لـەم ڕۆژە دا زیاتر پشـت‌گیری خـەباتی‌خوشکانی عەرەب بەکـەن بەگشـتی‌و خەباتی ئافرەتی فەلەسـتین بەتایبەتی دژی ئیمپریالزم‌و سهیونی داگیرکەروەدەنگ ئـەداتە پاڵ دەنگ ئافرەتانی جیهـان بۆ نارەزای‌دەربرین بەرامبـەر دەست دریژی نارەوای ئەمریکـای‌گوناهبـار بۆ سەر گـەلی ڤیتنـامی قارەمان و پیروزبایی‌خـەباتی بێ‌وچانی ئافرەتانی ڤیتنام ئەکات •

وێنەوهەواڵ



دکتورە سعاد خلیل اسماعیل وزیری خویندنی بەرز لـە بنوسگەی رەسمی خویا چاوی کەوت بە رۆژنامە نوسـی لبنـان دەولت علی وە چـاو پی‌کەوتنەکەی نیو سـەعاتی خایان •

بانگەوازی ئافرەتانی ڤیتنام

یەکیتی ئافرەتانی ڤیتنـام نامەیەکی کراوەی ئاراسـتەی ئافرەتانی جیهان کردوە بـە بۆنەی نزیك بونـەوەی رۆژی ئافرەتانی جیهانەوە ، تیـا ئافرەتانی جیهان بانگ کراوە بۆ زیاد کـردنی یارمەتی‌و پشت‌گیریان بۆ گەلی ڤیتنام لە خەباتیـا دژی دەست دریژی ئەمریکا ، وە بۆ رزگـاری نیشتمانەکەیان •

وە نامەکە ئەڵی : حکومەتی ئەمریکا ئائیسـتە نایـەوێت هیزەکانی لەڤیتنام بکێشێتەوە وە بەردەوامیشە لەدەسـت دریژی کردنی بۆسـەر ڕێزی ڤیتنامی دیمکراتی‌و کوسپیش ئەخاتە رێگای گفتوگوکـانی پاریس‌بۆ چارەسەری مەسەلەی ڤیتنام •

لەکوتایی ووتارەکەدا ئەڵی لەگـەڵ لاساری دەزگا حکم رەواکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ، تیکوشانی گـەلی ڤیتنام کـە لەلایەن هەموو ئافرەتانی پێش‌کـەوتن خوازی جیهان‌و هەموو گەلانەوە پێش‌ـ گیری ئەکری هەر سەر ئەکەویت

ئافرەتانی وولاتە سوشیالیستەکان

ئافـرەتانی وۆلاتـە سوشیالستەکان سەرلـەنوێ یەک‌بونی خـەباتی خویـان لەپیناوی ئاشتی‌و دیمکراتـی‌و پیش‌کـەوتن‌دا سەلمانـدەوە • ئەمەش لەو کۆبونەوە پێنـج ڕوژیەی « ڤالنتینا تیریشکوڤا » یەکەم کەشتیوانی ئافرەت « لە یەکیتی سوڤیەت » بـە ووتارێ کردیەوە ، تیا باسی تاقـی کردنەوەی ژیانی‌و خەباتـی ئافرەتـانی وۆلاتـە سوشیالستەکانی کرد ، وە لەم کۆبونەوەیەدا وەفدی ئافرەتانی هەموو وۆلاتە سوشیالستەکان ئامادەبون ، بی‌جگـە لـە نوێنەرانی ئافرەتانی وولاتانـی تری جیهان •

وە « تیریشکوڤا » سەرەکـی لیژنەی ئافرەتانی سوڤیـەت ئاشکرای کرد کـە ئافرەت دەوریکی گرنك‌و مەزن ئەبینـێ لە خەباتی چینـایەتی‌دا دژی ئیمبریالزم وە لە هەمـوو جولانەوەیەکی پیش کەوتوانەدا، وە ئافرەتە کۆبوەوەکـان بریاریان‌دا یارمەتی‌دانی گـەلی ڤیتنام بکەنە پیویستی یەکەمی سەرشانیان لە گەل هاوکـاری گەلانی وولاتە عەرەبەکانا دژی دەست درێژیەکانی ئیسرائیـل وە هاوکاری بۆ خەباتی هیـزە پیشـکەوتووەکـان دژی کۆنەپەرستی‌و جەنگ •

★ ★

ئاهەنگ بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتانەوە

مەڵبەنـدی رۆشـن بیری‌سوڤیەت لە بەغدا بانگایشـی زۆر لە ریک خراوەکانـی‌ئافرەتان‌و کۆمەڵایـەتی عیراق کردوە بۆ ئامادەبوون لـەوئاهەنگەی مەڵبەندی ناو براو ئەیگیری بە بۆنـەی جـەژنی ئافرەتانی جیهـانەوە ••• لەسەعات ەی ئیـوارەی‌دووشەمەی ٩ی مارتدا •••

جوانترین منداڵ

• دیاری مستەفا •

• ڕێبوار ڕەمەزان •

خۆرکی هەژار

طاهر صالح سعيد

ئەو هەفتەیە سەرانسەر بارانو تەڕوو تووشی بوو ، بەڕادەیەکی وا ناچاری‌نەبووایە کێ بیری لــە چوونە دەرەوە ئەکردەوە • ئاشکرایە ڕۆژانی وا ڕێگەی ئیش و هەلپەی نان پەیداکردن لــــە زۆر کەس ئەگرێتو لەگشت کارێکیـان ئەکات،زیاتر ئەوانەی خۆشیان نەبێت هیوای پەیداکــردنی نانێک‌یان نابێت •

مامەولای بۆیاخ چی‌و بــە ساڵاچوو و تێ‌قوپاو و ڕەنگ‌ـ زەردی دەستی هــەژاری بۆ هەفتەیەکی دوورو درێژ ئەچوو باران بواری .نـەدابوو ئەوەی پێی بڵێ‌یت فلسە سوورێك بە بۆیاخ چێ‌تی پەیدای کات دیارە ئەمەش یەکجار پێوەی دیاری ئەداتو سەری دنیــای لێ ئەهێنیتەوە یەکو ئەیخاتە بیرو لێکدانەوەی ئەوەی مشــووری شتێك بخوات تابەهۆیەوە ئەو ماوەیەی پێ بەڕێ‌کات تا خوا دەروویەك ئەکاتەوە •

بۆ ئەو مەبەستە لــە نزیك مەقەلیە بچکۆلەکەوە چیچکــەی کردبوو ، چــاوی بڕی‌بووە پشکۆکانی‌و هەموو هەســتو هۆشی ئاراســتەیان کردبوو و لە گۆمی قوولی لێکدانــەوەدا بوو کە خێزانەکەی هێنایــەوە سەر خۆی بەوەی پێی ووت :

● کابرا تۆ چ سوودێك لە دانیشتن ئەبینی ، دەهەلسـە سەر پێ بۆ ئەوەندە لەش‌گرانی برۆ بەڵکە ئەمە خوایە بە هەر کارێك بێت شتێك پەیاکەیتو بیدەی بە چەند نانێکو لەگەل خۆتا بیهێنی‌تەوە • خۆ ئێمــە برسێتی ئــەم هەفتەیە پــەلو پۆی شکانین •

بۆیە نەختێــك بێ‌دەنگ پاشان لەسەری ڕۆیشت‌کەزانی کابرای مێردی ئــەوەی پێی بلێی جوولە بۆی ناکات :

● بەزانی خوا تۆ وا بکەیت وا بزانم لە برسانا ئەمــان کووژی ••• مامەولا لەسەرخۆ ئاوڕێکی لێ‌دایەوە ، بەدووای‌دا هەناســەیەکی ساردوو ســڕی هەلکێشاو ووتی :

● کچێ ئافرەت ئاخـر بۆ کوێ‌بچمو ڕووبکــەمە کوێو چی‌بکەم ؟ حەمــالی‌یە بەمن ناکرێو لــــە هێزو توانای منانی‌یە ، نێ قەرزیشە خەلکی بەمنی نادا بەوەی هــەژارمو پیاوی هــەژار جێی بڕوای خەلکی .نین • چی‌تر هــەیەو نەی‌کەم ؟ دە فەرموو ڕێگەیەکم بۆ دانێ •

بە دووای تاوێك بێ‌دەنگی‌دا لەسەری ڕۆیشت :

● بچم سوال بکەم ؟ بـە درێژایی ژیانم دەسم لەکەس‌پان نەکردووەتەوە • ئێستاش بەم ئاخری پیری‌یەوە ئەگەر مردووم پانی ناکەمەوە •

ئەمــــەی ووتو بێ‌دەنگ بووەوەو چاوەکزە بێ‌تینەکانی بڕی‌یەوە ئەو چەند پزیسـکە ئاگرەی لە مەقەلی‌یە کــەدا بەرەو مردن ئەچوون • کــە مابوونو بەچەشنی ژیانی ئەمان خێزانەکەی قسەکانی سەلماند بەوەی ســـەرێکی بۆلەقانـدو پاشان هاتە قسە :

● نازانم بلێم‌چی‌و ڕووبکەمە کوێ ، قیروسیا لە خۆمان هەر چۆنێك بێت دان بەخۆمــانا ئەگــرین تا خوا دەروویــەك ئەکاتەوە ، ئەو دوو منالــە برسێتی کوشتنی دایکیان‌کوێر بێت •

بۆ کەمێــك بێ‌دەنگ بوون ئینجا بــە پەرۆشـەوە ڕووی وەرگێرا بەلای هەردوو منالە‌ـ کەی داو دووای ئەوەی ئاهێکی دوورو درێژی‌هەلکیشا لەسەری ڕۆیشت :

● سەیری ڕوویان کــە دایکیان گیانی دەرچێت ئەلێی لەگۆڕ دەرت هێناون •
ئەمــەی ووتو بە لەشـێکی قورسەوە هەستاو بــەرەو دەرگاکە چوو ، ســەرێکی کێشایە دەرەوەو بەبێ ئارامی چاوەکانی بڕی‌یە ئاسـمانو لەبەر خۆیەوە یەك دوو بۆلەی بۆکرد و سەری هێنــایەوە ژوورەوەو دەرگاکــەی توند جووت کردەوە وەکو بلێ :

● خوای گــەورە بەزەیی‌ـ یەکت بە هەزاران هــەژار وکلۆلی وەك ئێمەدا بێتەوە و بەســیەتی دەروویەکمـان لێ‌بکەرەوە •

پاش ئەمە بە لەشێکی خاوو خلیچکەوە هــاتو لــەنزیك مەقەلی‌یە ساردو سڕەکــەوە چیچکەیەکی بۆکردو کــەوتە چاوگێڕان بە ژوورەکــەدا وەك بە دووای شتێکدا بگەرێ کــە لەپڕ بە دەنگێکی بەرزەوە هاتە قسەو ووتی :

● هەستە پێ پیاوەکـــە هەستە ئەوەندە لەش‌گران مەبە هەستە ئەو بــەڕە شڕەت بۆ بپیچمەوە بیخە بن دەســتو بیبەرە بازار بەلکە ئەمە خوایە ئالمو ساتمی کەیتو بەگورجی بیدەی بەشتێك وبیهێ‌نیتەوە تا دنیا تاریك نەبووە •

بۆ ساتێك وەستا ، پاشان بەردەوام بوو لەسەر قســەـ کردن :

● ئێمە وا پالی لی‌بدەینەوە ئەبێ چاوەڕێی مەرگ بکەین•
مامەولا چاوەکانی بەســـەر سامی‌یەوە تێ‌بڕی‌و کــەوتە سەربادان بێ ئەوەی هیــچ ووتەیەك لەدەمی بێتە دەرەوە •
ئەم بێ دەنگی‌و نەبزوانەی ئەو دەماری خێزانەکەی گــرژ کرد بۆیە قیژانی بەسەریا :

● ئەری ئەوە من لەگەل‌تۆم نی‌یە ؟ بۆ ڕاست نابیتــەوە ؟ ئاخر هەر لـــە ئەووەلەوە وا لەش‌گران بوویتو .نەت‌توانی **ئیشێك بکەیت لە ئیش بچێت** تا ڕوژمان گەیی بەم ڕۆژە •
مامەولاکە تێ‌گەیی خێزانەکەی سوورە لەسەر قسەکان نەختێك زیاتر لە مەقەلی‌یە ســـاردو سڕەکە نزیك بووەوەو بــــە پەنجــــە قلیشاوو ڕەشــ داگەڕاوەکانی کەوتە تێکدانــی خۆلەمێشەکەو ووتی :

● کچێ ئافرەت ئەمــــە تــۆ ئەقلت لەکوێ‌یە ؟ گریمان وامن ئەو بەڕە شڕەشـــم بردە بازار چی‌ئەکا • خەلکی پارە ئــەدا بەوە ؟ دووای یەك دوو جــار نەرمە کۆکە لەسەری ڕۆیشتەوە:
● وا ووتمان گردیشی ئەی ئەم سێ‌و چووار مانگـــــــە ساردو سۆلەیە چی بکەین ؟ لە سەر زەوی‌یە ڕووتەکە بکەوین؟ وەلّلا هەر ئەمەمان کەم بوو •

لەوە ئەچوو خێزانەكەی قسەكانی ئەوی بەلاوە راست بێ ، بۆیە لەوە زیاتر لەو رووەوە لەسەری نەروێشت ئەوەندە نەبێت كە لە شێوەی پاڕانەوەدا پێی ووت :

● كە ئەوەش ناكەیت دەهەستە بچۆ مشووری قەرز و قۆلەیەك بخو · هەزار ئەناسیتو یەكجار ئەوەندە دەستە و ستان نیت · زۆر هەن كە بۆیاخیان بۆ ئەكەیت روو لە هەركامیان بنییتو حاڵەكەیان تێ‌گەینی بە دەنگتەوەیەنو دڵێكیان پێت ئەسووتێ و ئەوەندەت هەر ئەدەنی لەم رۆژە رەشییە رزگارت كەن · مامەوڵا بەدووای نەختێك بیركردنەوەدا لەسەر خۆ دەمی هەڵهێنایەوەو ووتی :

● كچی ئافرەت ئەمە تۆ ئەڵێی چی؟ كێ قەرز ئەدا بەمنو كەی من خەڵك ئەناسم · كابرایەك یەتو قاچی دائەنێو من پێڵاوەكانی بۆ بۆیاخ ئەكەمو لێی ئەدا ئەرووا چووزانم كێیە ؟ بۆ ئەو هەر بێزی یەت سەیری‌منیش بكات ؟ ئەو منو پێڵاوەكانی بەیەك چاو سەیر ئەكاتو بگرە ئەو زیاتر ·

بۆ تۆزێك بێ‌دەنگ بوو پاشان دەستی پێ‌كردەوە :

● رەنگە لای تۆ وابیت ئەو بەوچاوە سەیری من بكات كە بەشەرێك بم وەك ئەو كچێ تۆلێرە دانیشتووی ئاگات لەچی‌یە · خوا بەوسەرەوی ئاگاداره هەموو ساتێكم مردنێ كە كە ئەفەنی یەكی لووت بەرزو خۆپەرست بە فیزێ كەوە یەتو قاچی دائەنێو بەقسە وورم ئەكات ئەمەچی‌یە دەست ئەبات بیست فلسم ئەداتێ :

● مەیشۆ تازەیە ، تایدی لێمەدە ئەقلیشێ ، رۆنێ زۆر لێ بدە باگەڵاسی‌یەكەی باش نەرم كاتەوە ·

ئەمە حاڵی منە رۆژ تائێوارە، كەچی خوا لێی بەزیاد بێ هێشتا هەر لەبرسا سكمان دێشێ ·

بەدووای بێ‌دەنگ بوونی ئەودا ژنەكەی سەرێكی بەرز كردەوەو بەدەم هەناسەیەكی ساردەوە دەمی هەڵهێنایەوەو ووتی :

● هەموو شتێك ئەزانم ، پێم نالێ بیت ئێستا چی بكەین ؟ هەروا دەستە وستان دانیشین ؟

مامەوڵا زۆر لەسەر خۆ وەرامی دایەوە :

● مێش تیا ماوم نازانم

خۆری هەوراز

طاهر صالح سعيد

بلێم‌چی ·

ئەمەی ووت و بێ‌دەنگ بوو پاشان بە هەردوولەپی دەستی دەمو چاوی داپۆشی‌و كەوتە گۆمی بیر كردنەوەوە كە خێزانەكەی هێنایەوە هۆش خۆی‌و پێی ووت :

● پیاوەكە قسە لەگەڵ برسێتی‌ا ئاكرێ · دەرێگەم‌بە با هانا بەرمە بەر ماڵە دەوڵەمەندەكەی ئەو سەری شەقامەكە و حاڵەكەیان تێ‌گەینم ، بەڵكە ئەمە خوایە دڵیان پێمان بسووتێ‌و یارمەتی یەكمان بدەن · خۆم ئەپچێمەوە كێ ئەمناسێ،مامەولا بەبیستنی ئەو قسەیە راپەڕی‌و بەگورجی دەستی لەسەر دەم و چاوی لاداو بەگرژی یەكەوە پێی ووت :

● كچێ ئەقلت‌بی كەی دەوڵەمەند ئاگای لە فەقیر بووە واچووشی لەوە بەولاوەكە دەست ئەنێت‌بە رووتەوەو پێت ئەڵێ (خوابت داتێ) شتێكی‌كەت دەسگیر نابێت · تۆ ئەو دڵ رەقانە وائەناسی ؟

دووای نەختێك بیركردنەوە لەسەری رویشت :

● ئینجا ئەگەر ئەوان دڵیان بەفەقیر بسووتایە بۆ ئەمە حاڵمان ئەبوو ·

قسەكانی مامەوڵا خێزانەكەی بێ دەنگ‌كرد ، بۆیە ئیتر لەو بارەیەوەكەم و زۆر نەدووا ئەوەندە نەبێت كە بە جووتە لەگەڵ بیر كردنەوەی خۆیاندا خەریك بوون · تامامەوڵا پەردەی ئەو بێ دەنگی‌یەی دری بەوەی لەسەر خۆ ووتی :

● هێشتا بڵێت ئەچمە ماڵێك لەو ماڵە فەقیرانەی خوارخۆمانەوە و داوای شتێ یارمەتی‌یان لێ‌ئەكەم باشترە · تاخوا دەروویەك ئەكاتەوە · چونكە هەر هەژار دەردی هەژار ئەزانێ ·

هەركە مامەوڵا لە قسەكەی بووەوە ئیتر خێزانەكەی گورج راپەڕی‌و دەستی دایە سۆڵە شرەكانی‌و كردنی بەسەر پێیەوەو عەبا

پیناوی‌یەكەی لە خۆیەوە ئالاندو بەگورجی ملی دەرگای حەوشەی گرت · بێ‌ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبێت بزانی پیاوەكەی رێگەی ئەدا یانایدا لێ‌یدا رۆیشت ·

بەدووای‌تێپەر بوونی ئەودا ئیتر مامەوڵاش سەری خستە سەر ئەژنۆی‌و كەوتە بیری ئەوەی :

بڵێی هەروا بەدەستی بەتاڵ نەیەتەدوواوە ؟ یان بڵێی ئەوەندەیان هەبێت شتێكی لێ‌بدەن بەو ؟ یان دنیاكەی وایە كێ ئەڵێ لەئاستی ئەودا دەستیان توونو ناقوچێننو نالێن :

● بەخوا ئەم چەند رۆژە ئێمەش حاڵمان حاڵی ئێوە بووە · چونكە ناشكوری نەبێ هەژاری ئیستاش وەك جاران نەماونو بەرەنگی دەوڵەمەندەكان چاویان برسی‌و گیرفانیان قوول بووە · بەدەیان لەم خەیاڵانە ئەمسەرو و ئەوسەریان بو بەمێشكی ماندوویا كە لەزرمەی دەرگای حەوشە هاتەوەهۆش‌خۆی بەزوویی‌خۆی زیتو ووریا كردەوەو چاوەكانی

بڕی‌یە دەرگای ژوورەكە تا بەزوویی بزانێ هەروا بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوەو ئیتر چنگی تیژی مەرگ دووا بڕیاری سپاردن بەخاكی دان · یان لەسایەی یارمەتی ئەو هەژارانەی ماڵو گوزەرانیان وەك لەمانە رزگاریان بوو · خێزانەكەی وەك ڕاوی‌نێی بە توونی خۆی‌دا بەدەرگاكەداو كردی‌یەوە و خۆی كرد بەژووورداو بەدووای زرمەیەكی توونیدا دای خستەوە · هەر هەنگاوێكی كرد بووبە دوو هەنگاو ، هەنسكەبركێی پێ‌كەوتبوو عەباكەی كە ئاوی لێ ئەچۆڕا لە سووچێكەوە فڕێی‌دا · ئەو پریاسكەیەی بە قایمی نووساندبووی بەسەر دڵی‌یەوە جیای نەكردەوە تا هەردوو منالەكەی بەهێواشی لە خەو ڕاپەڕان · ئەوكاتە دای ناو گرێكەی كردەوەو هەموویان دەوریان‌داو وەك هار كەوتنە پەلاماردانی كە ئاهێ‌كیان پیا هاتەوەو سكیان تێر بوو ئەو چوار چلە دارەشی كە لەتەك خۆی‌دا هێنابوونی و لەبەر هەیوانەكەدا فڕێی دابوون هێنانی و خستیە مەقەڵی‌یە كەوەو ئاگرێكی

پیوەنان زۆری پێ نەچوو نێڵەی بەرز بووەوەو ئەوەندەی نەخایان ژوور تاوی سەند · ئەو شەوە تادرەنگ بە قسەو باس شەوگاریان بەسەر برد تا لە دووایی‌دا دەستیان كردە ملی خەوێكی خۆش ·

كەبەیانی لە خەو راپەرین چی‌یان بی‌نی ! دیان ئەو ابەیانی‌یە لەهەموو بەیانی رۆژەكانی ئەو هەفتەیەی پێشوو جیاواز ترە ، ئەم بەیانی خۆری جوان لەئاسمانێكی ساماڵدا هەڵاتووە و بەتیشكە زیزینەكەی هەموو گۆشەیەكی رووناك كردووەتەوە ·

مامەوڵا كەئەوەی دی راپەڕی‌و بەگورجی دەستی دایە سنووقی بۆیاخەكەی و لەماڵ دەرپەڕی بە روویەكی گەش‌و بڕوایەكی بەهێزەوە تا بەرەنجی شانو ئارەقی ناوچەوان بەرهەڵستی هیزی بێ‌بەزەیی برسێتی بكات ·

بۆ ئەو مەبەستە ملی ئەنا تا گەیشتە بەردەمی گازینۆ گەورەكەی ناوەراستی شار · ئیتر لەوێ سنووقەكەی داناو مشتەریەكانی چوار دەوریان‌داو سەریان قاڵ كرد ·

بۆ بەرچاوی خوێندەواران

تكایە هەر نوسەرێك ئەم خالانە رەچاونەكات ، نوسینەكەی بلاوناكرێتەوە :

١ – لەسەریەك دیووی كاغەزەكە بنوسە ·

٢ – ماوە لەنێوان ووشەكاندا بەجێ بێلە ·

٣ – تابتوانێ بە نوسینێكی رێكوپێك بێ ·

زیر گوڵ

دیوانا برایی شرێن صالح علی گلی ، ڤان روژا هاتە بازاری توورو تیكبەستا براستی هەولو تەقەللایەكا باشە هیڤیدارین سەركەفتی بیتو خویندەوارین هیژا سوودو قازانجی لی وەربگرن ، ئەم گەلە سوپاسی وی دكەین سەر هندی كو دانەیەك ژدیوانا خو پیشكیش مە كریەیە ·

هاوكاری

ناونیشانی هاوكاری

بەغدا – وەزیریە

نزیكی پردی ئاسینن

دامەزراوی گشتی رۆژنامەگەری‌و چاپەمەنی ·

دەزگای چاپەمەنی‌و بلاوكراوەی كوردی ·

رۆژنامەی « هاوكاری »

« التضامن »

هەمەرەنگی

ئامادەکردنی علی نقشبندی

مارگیر

مروڤەك هەبو زور کەیف بمارا تات ئو هەر مار تگرتن ئو تڤیا بزانیت کا ئەو چاوا دژیت ئو چ تخوت ئو چەند سالا تمینیت ئەوی مێرکی ژنەکا جان یا جەحێل یا چەلەك هەبو ، مێرك دا چیت سپێدێ ئو ئێڤاري دا هێتە مال کو خارنا وی یا حازرە ئو مالاوی یا لێك دایە · روژەکێ هاتە ڤە گەلەك یێ وەستیای بدیف مارا ڤە شیف خار ئو خو بجلك ڤە درێژ کر · هاتە هزرێ وستیانا وێ یا ئەڤرو ئو چەند رەنگێت مارا یێت دیتێن چاڤێت وێ چونە سەرێك دخەونا خو دیت کو گەلەك مار یێت گرتین بەلێ ئەژدەهارەك هات ئو ماریت وێ هەمێ خارن جلفەك ڤێ کەت ئو چاڤێت خو ڤەکرن کو درەنگە حەتاڤا هات پێ دیت کورە مارەکێ یا خو کریە گەری لسەر سینگێ وی ئو سەرێ خو یێ دانایە سەر دەستێ وی گەلەك ترسا ئو نە وێرا خو بلڤینیت بیهنا خو چك کر دا مار پێ نە حەسیت کو یێ هشیارە ··· بخو گوت چ بکەم ··· دەستێ خو بدەمێ ··· ئو پاڤێم ··· دێ پمن ڤەدەت بێ گومان ··· نەچار بو ژ ترسا گیانێ خو · ناڤێ خودێ ئینا ئو دەستێ دێ راکر دا پاڤێت مار پێ حەسا ئو لدەستێ دا ···· مار هاڤیتە بنێ مالێ ئو کرە هەوار ··· ژن لدیف دەنگێ وێ هاتە ژور دیت مێرێ وێ هشکە دەستێ خو یێ گرتی ئو یێ پیاڤە لسەر ماري تگەریت هەر لسەر پێ خو ڤە گەریا ئو قەستا گوندێ کر دا دختوري بێ نیت زانی کو ماري یا پیڤە دای · دختور هاتە ژور دیت مێرکێ ئاڤشیژنەکا هاڤێتیە ئەنیشکا خو دا ژەهر ژێ هەلتر نە چیت ئو ما بەرێ خو دا مێرکێ دیت یێ لسەر هشێت خو ئو یا خو درێژ کری · دختوري گوتێ :

– چاوانی ؟ گوت : باشم · دختوري پسیار ژێ کرن :

– چاوا پتە ڤەدا ؟ لکیرێ ؟ کەنگی ؟ مێرکێ کورت جابێت وی دان دختوري گوتێ :

– توساخ نابی هەکە دەستێ تە نە برم ··· تو دێ مري ·· چنکو پێڤەدنا ڤێ ماري یا مرنێ یە ··· مێرکێ پکەنی ڤە گوت :

– ئێکا دی بێژە ! ئو بێ هیڤی بە کو ئەز خو پیلەمە بدەستەکێ ··· مرن بو من خوش ترە ··· دختور بێ هیڤي بو ژێ ئو زانی مێرك یێ ئێك رکە · دختور چو دەرڤە دا هزریت خو بکەت کا چ رێکا نا بێ نیت کو مێرك وەبکەت دەستێ وێ ببریت دا نە مریت · دختوري لدەرڤە دەنگێ کەیفا ژنا مێرکێ گولێ



بو بەرێ خود دەتێ لیقە – لیقا وێ یە د گەل جە حیلەکێ گوندی یێ لبەر سفکێ · دختور زڤری ڤە نك مێرکي گوتێ :

– بوتە بێژم !! مێرکي بسەري جاب لێ دا ·· کو ·· بەلێ :

– تو دزانی ژنا تە گەلەکا جانە ···!! مێرکی پێ تخو هەل کێشان ئو خو راست کو گوت : ئێ ··

– ئو تو د زانی یا جەحێلە··! مێرکي ناڤ چاڤیت خو کرنە گرێ ئو گوت : ئێ ·· دختوري گوتێ :

– تو د زانی هێشتا تو تمام نە بوي دێ ئەو شي کەت ئو دێ ژ تە تەنا بیت ! مێرکي گوت :

– ئەو تو چ د پێژی ئو چاوا تاخڤی ··· دختوري بەرێ خودا ساعەتێ ئو گوت :

– چارێکەکا دي ··· دێ ژنا تە پکەیفا خو کەڤیت ··· ئو تو دێ لسەر قەهر ئو خەما خو چي ··· وێ گاڤێ ژن هاتە ژور یا بەست ئو گوت :

– دختور ··· دەستێ وي نە برە ·· هەما دەستێ وي دەرمان کە ·· دێ بي‌تە دەست ئێش ئو دێ کەڤي‌تە لەپێ من ئو ئەزا پتنێ مە دێ چە لێ کەم !! وێ گاڤێ مێرکي باوەر ژ گوتنا دختوري کر ئو دەستێ خو درێژ کرە بەر دختوري ئو گوتێ : دختور ·· کێسرێ بینە !! ژن بگري ڤە دەرکەت ریا بخو د بێژیت : ئەز نە شێم بەرێ خو بدەمێ ·

[بەلێ گریا ژنکێ نە ژ بەر دەست برینا مێرێ وێ بو]

قوتابخانە میری عەرەب

لچاخێ شازدێ هاتە ئاڤا کرن قوتابخانەك یا گەلەك جان ژ ئاڤاهي ڤە ، ئەوێ ئاڤا کري یا خو وەستاندي برەنگو خیچ ئو نەخشێت وێ ڤە · یا هاتیە ئاڤا کرن سالا (١٥٠٣) ژ میلادا عیسی پێغەمبەر ، ژ دو تەبەقا ئو سەد ژوریت ئێخستینێ ئەڤ قوتابخانە یا نجارایێ ، ناڤێ وێ (قوتابخانا میرعەرەبە) ئەڤە شینەکا مێژویە ژ مێژوێێ بوسولمانا لوێ وەختی ، هەر وەسا لناڤ بولمانێت نوکە · بولمانێت ڤێ دەمي بچاڤێ بلند ئو بەرز بەرێ خود دەنێ ، ئەڤێ قوتابخانێ ناڤ لێ هاتە دانان ژ بەر یێ ئاڤا کري ئەو (شێخ سعیدێ کورێ عبداللەێ یەمەنی بو) کو میرەکێ عەرەبي بو ، ئو یا پارێت خو ئاڤا کري بو خێرا خو ئو ناڤێ خو لسەر دانا ، پاشي مرنا وي (بدو سالا) ئو ئاڤاهي پکوتاهي هات · دبێن ڤي میرێ جهێ خو کو (یەمەنە) هێلا پشتێ ریا هزراند کو چ رێ ژ وێ چێتر بخونا بینیت بو پەرستنا خودێ گوت کەسێ (سێلە) نینە کو مروڤ پەرێ سیت ژ بلي خودێ ئو بڤێ رێکێ ، دەست ژ (کوت) ئو مەزینا خو بەردان ئو پشتا خو دا دنیا یێ ئو بەرێ خو دا دیماهیا خو ، قەستا شێخێت وێ رێکێ کر ، چو هەتا گەهشتیە بخارایێ · بخارا یا بناڤ ئو دەنگە لبەر دەمێ هەمي بوسولمانەکي ، ئو کورکا بەلاڤ کرنا دینێ ئیسلامێ یە (لناڤە راستا آسیایێ) ، ئو جهێ مروڤێت ڤێ دیانەتێ یە ، هەر وەسا بنەکارەکە ژ بنەکارێت ریا · نەقشەبەندیا · گەلەك شێخ ئو مەلا ئو کاربەدەستێت دینێ ئیسلامی یێت لێ رابوین · وەکي (امام محمد اسماعیل البخاری) ئو (أبي حفص کبیر البخاري) ئو گەلەکێت دي یێت وەکي وان ، ژ وان یێ گەلەك دیار شێخێ ریا صوفیێت نەقشەبەندیا کو (شێخ بهاءالدین) نەقشەبەندي بو · ئەوێ ئەمرێ خودێ کري سالا (١٣٧٠) ، دبێن ئەو بو یەکە مین کەس کو ریا نەقشەبدندیا داناي لوێرێ · ئەو رێ گەلەك دیار بو ئو بەرز بو ئو بەلاڤ بو لدەورەو پشتێت بخارایێ ئو گەهشتە باژێریت عەرەبا · گەلەك تێ نە چو دەنگێ ڤێ رێ گەهشتە هەمي باژێریت بوسولمانا · لچاخێ شازدێ دەنگێ ڤێ ریێ گەهشتە بنێ (یەمەنێ) · میرسعیدي زور کەیف بڤێ رێکێ هات ، ئودیت خوشي ئو شرینی یا تێدا هەێ ئو قەستا چاکێ ئو راستێ کر ، چو گەهشتە (سمرقندێ) وي دەمي (سالێت ژیناوي (٢٢) سال بون ، خاست بگەهیتە (خاجەي احرار) کو (عبیداللەێ وەلي‌بو) خوجەي ئەحرار ئێك ژ دەستیر دایێت رێکا نەقشەبەندیا بو ئو شێخەکێ مەزن بو · گەلەك وە تێ نە چو میر سعیدێ عەرەب بو ماموستاێ (صوفیێت) وێ رێکێ · خوجەی ئەحرار ئەمێ خودێ کر ···

میر سعید ما بێ هەڤال ئو کەسێ دي نە دیت کو بێهنا وی پێ بێت گەلەك ئالوز بو ، وەکي یێ رێ لبەر بەرزە بوي لێ هات ، درێکا (محمد باقرێ) کو کورێ خوجەي ئەحرار بو ، گەهشتە میرێ بخارایێ کو (عبدالله خان) بو ، کەیفا میر سعیدي پێ هات هەر وەسا میرێ بخارایێ میر سعید کرە سەروکێ زانیارێت بخارایێ ئو گەلەك چاکي دگەل کرن ، تشتەك ژ مالي کەتە دەستا رابو قوتابخانە ئاڤا کر، ئەو بو مر هێژ قوتابخانە تەمام نە بویي ، سالا (٩٤٢)هـ کرنا وێ بدیماهي هات · ئەڤە بکورتی ناڤ ئو نیشانێت ڤێ قوتابخانێ ، نیشانا چاکیێ ئو ئاشتی‌یێ لناڤبەنیا بوسولمانا قوتابخانە یا بویە جهێ خاندنا دا لوي چاخي تا نهو ئەو دەرسێت (تەفسیرێ ئو گوتنێت پێغەمبەري) ئو فێر بونا زمانێ عەرەبێ ب (رهو تاڤە) گەلەك سەیدایت دینێ ئیسلامی یێت تیدا رابوین ، ژ ئیران ئو ئەفغانستانێ گەلەك مروڤ قەستا وێ دکەن بو خاندنێ ، ئو ژێ دەرکەتین وەکي (القاضی العسکري) ئێك ژ تێگەهشتی‌یێت چاخێ (١٩) ێ ، کو شێخەك بو ژ شێخێت (جوبری) نەو ژي تایەکە ژ تایێت نەقشەبەندیا) هەر وسا یێ دەرکەتی ژ وێ قوتابخانێ شێخ (میان مالك) ماموستایەکێ مەزن بو لچاخێ (١٩) ێ ئەوێ دەرس گوتینە (شێخ ادشان باباخانێ) کورێ (عبدالمجید خاني) سەروکێ رێو بەراتی‌بوسلمانیت ناڤەراستا ئاسیای ئو کازاخستانێ ، هەروسا (ماموستا صدر الدین عینی) ئەوێ کو تورێ – (ئەومب) تاجیکێت سوڤیاتی دانایی · ئەڤ قوتابخانە ژ روژا ئاڤا کری تا نوکە نا خلمەتا دینێ ئیسلامێت کەت ، تتار و پشکیرێ ئو خەلکێ سیبریای تێنە وێ قوتابخانێ بو خاندنا (تەفسیرێ ئو قرئانێ) ، کو دینێ ئیسلامي وان دکەتە تێك بەرێ خو نا دەنە زماني یان توخمی ، یان چە کەسە · هەمی بسولمانێت (ئێکاتیا سوڤیاتی) چاك دزانن کو پێ ویستە بزانن کارێت دنیایێ ئو یێت پاشە روژی کو دیماهیا مروڤ یە ، بە واجب دە زانن کو هەمي بسولمان برایێت ئێك بن ، ئەوێت دەرت کەڤن ژ وێ قوتابخانێ دگەل ئێکاتیاسوڤیاتی ئێکن ئو دلێ وان یی دگەل بسولمانێت هەمي جهێت دي تر ، ل ئاسیاي ئو ئەفریقیای ·

⊙

پاشماوەی (لەگەڵ دوکتور عیززەددین ...

قوتابخانەی ئەدەبیشی نەماوە، گەر هەندێ شوێنەوارو پاشماوەشی لەبیری ئەم ئەدیب یا ئەودا دەرکەوێ ، ئەویش بەرەو تواننەوە ئەچێت • بەڵام لە وولاتێکدا کە هێشتا چەند چینێکی کۆمەڵایەتی‌ی ئەوتۆی تیابێت کە لەگەڵ یەکدا نەگونجێن دیارە چەند ڕێبازێکی ئەدەبیش هەر ئەبێ ببێ • بام بیری چینە خوێنمژەکان ـ لەمووڵاتانەشدا وای لێ هاتبێ کە لەبەر بریسکەو ڕۆشنایی‌دەنگی دلێری زەحمەتکیشانو ئەو ئەدیبانەدا کە باوەڕیان بە بیروراکەی ئەوان هەیە نەنوێنێ •

ئەمە وا ناگەێنێ کە من لەگەڵ ئەوەدام کە سنوورێکی تەسك بۆ ریالیزمی‌و ریالیزمی سۆشیالیستی دا بنرێ • (ڕۆژێ گارۆدی)ی فەیلەسووفی فەرەنسەیی سنووری ریالیزمی لە کتێبی (ریالیزمی بێ‌سنوور) دا زۆر فراوان کردبێت‌و گەیاندبێتە (کافکا)و ئەو لاتریش بەڵام نە ئەوسنوورە فراوانەو نە سنووری تەسکی (ژدانۆف)یش بەسنووری ڕاستەقینەی ریالیزمی سۆشیالیستی نازانم •

کە دێینە سەر پەیڕەوی ئەدەبی‌و دابەش کردنی نووسەران بەسەر پەیڕەوەکاندا ، ئەبێ تەماشای بەرهەمی نووسەربکەین‌و بەوپێیە خانەی خۆیی بۆ دیاری‌کەین • بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەدیبی ریالیستی سۆشیالست ، لە هەموو وولاتێکدا لەپاڵ نووسینەکەیدا خۆشی (تێکۆشەر)ی ڕێگەی بیروباوەڕەکەیەتی‌و قوربانی‌ی لە پێناودا ئەدا وا ئەزانم ئەدیبە ریالیستە سۆشیالیستەکانی کوردیش بەرزترین نموونەی ئەم تێکۆشەری‌یە بوو ـ ون • وابزانم ئەم‌باسە زۆر درێژترە لەم چەند دێرە ، بەڵام ئەوەندەش ئەڵێم کە بوونی بلیتی حیزبی بەمەرجی بوونە (ریالیستی‌ی سۆشیالیست)ی ئەدیب نازانرێ،چونکە مەکسیم گۆرکی کە بەسەر ئامەدی ئەم پەیڕەوە ئەزانرێ‌و هەر لە نووسینی ڕۆمانی (دایك)ەوە (١٩٠٥) بناغەی ئەم ڕێبازەی دانا ، خۆی حیزبی نەبوو •

پ٣ : ڕات چی‌یە بەرامبەر ـ نەترس ـ ی وترسنۆکی ـ نووسەرانمان •

و٣ ـ لەوەڵامەکەی پێشوودا ڕام لەم بارەیەوە دەرخست • بەلای منەوە زوربەی ئەدیبەکانمان بەجەرگ‌و نەترسن‌و گەر لیستەیەك بۆ ناوی نووسەرو شاعیرەکانی ئەم سی سالی دوایی‌یەمان بکەین بەرامبەر بەناوی هەریەکەیان چەند سالێك بەندی‌و دوور خستنەوەو ئازار ئەنووسین‌و چەند کەسێکی واشمان هەیە کەبەرامبەر ناوەکەی کڕنووشێك بەرین‌و بنووسین (لە پێناوی کورددا ، لەپێناوی بیروباوەڕدا شەهید بوو) •

کەواتە، ئەدیبی ترسنۆکمان بەو مانایە کەم هەیە ، بەڵام سەیر ئەوەیە کە زوربەی نووسەرانمان لە ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و بەندوداویان ناترسن ، بەڵام لەیەکتری ئەترسن ، (واتە ـ لە دوژمن ناترسن‌و لەدۆست ئەترسن)، ترسەکەش هەر مەیدانی ڕەخنەگرتن ئەگرێتەوە • کە تائێستا هەندێك هەر بەجوێنی ئەزانن • ئەم قسەیە ، سی ساڵێك لەمەوبەر ئەنووسرا ، کەچی ئێستاش هەر ئەبێ دووبارەی بکەینەوە • هەندێك وا ئەزانن ڕەخنە نووسین ئەوەیە کە شرتو شۆ لەبەر ڕەخنە لەسەر نووسراوەکە ببری ، لەولاشەوە زۆر لە نووسەرەکانمان ئامادەنین هیچ لایەکی کزیی نووسینیان دەربخرێ •

ئەتانەوێ وورد‌ترو ئاشکرا تر بدوێم ؟ • کە کتێبی « ریالیزم لە ئەدەبی کوردی » دام بەعەرەبی بلاوکردەوە ، زۆر بەپەرۆشەوە ئەمویست ڕایەکی مەوزووعی ببێم ، بەڵام هەندێ لەوانەی کە باسی بەرهەمیان لە کتێبەکەدا هاتبوو بەناڕەزایی‌یەوە باسیان ئەکردو کە ئەهاتینە سەر حسابیش ، مەبەس هەر خۆیان بوون‌و بەس • ئەمە بێجگە لەقسەی ڕازی‌نین کە بیری مارکسی بکرێ ڕەق‌و ناڕەواو بێجگە لە بە تەرازووی لێکۆڵینەوەی مێژوو ئەدەبمان • بەڵام ئەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆر ئەدیبی مەوزوعیشمان هەیە کە (خۆ .. خۆیی) یە کە کاری تێ‌نەکردن • بۆنموونە شاعیری ناسراو کاکەی فەللاح ، کە لەبەر بێ‌سەرچاوەیی‌و لەبەر ئەوەی لەکاتی نووسینی کتێبەکەدا هیچی ئەوتۆیم لەبەردەستا نەبوو ، هەر ناویشی نەهاتووە ، بەڵام ڕاکانی ئەوم زۆر مەوزعی دی، هەندێکیش کە بەجارێك لەوە دیارە ئەمەش واناگەێنێ کە هەرستایشی کتێبەکەمی کردووە تا بەدانەوە هەرچیش ووترا هەر دەمی بوو و هیچی نەنووسرا یا بلاو نەکرایەوە •

⊙

پاشماوەی (تاقگەی

کانیانا ...

ڕەنجکیشەکان لە تاشە بەردی کوشکی روخاوی رژێمی دەرەبەگایەتی‌و پاشکەوتن ، جیهانێکی نوێ ئەخولقێنن : بەگیانی (نەبەردایەتی) ئەی‌پارێزن •

کونەپەرستی لە هەموو قوژبنێکی پیس‌دا گەرا دائەنێ : لە هەژاری ... نەزانین ... پاشکەوتن ... جەور ... بۆیە بەرەی جەنگ دژی کۆنەپەرستەکان : فراوانترو لەوەی کە خەلکی بیری لێ ئەکەنەوە •

مەترسی ترین جێگا ، کونەپەرستی گەرای تێ‌بکا ... مێشکە ! ڕەنجکێشێکی چەوساوەی پەك کەوتوو بەدیلی تیورێکی ررەشی چەوتە کە تەنیا بەخۆی کوتێکە لەدەست‌و پێ‌ی ئەم ڕەنجکیشەدا •

بەمە بلێ‌ین : چی ؟

بەردە ! واتە : خەمیکەو ئەبێتە (بەرد) لەسەر دل !

ئا بەمە ئەلێ‌ی ووشەی پیس ؟ ووشە جوانە خومان بەرگی جوانی‌ی لە بەردائەدررین ..

کەرەستە سەرەتایی یەکانی مروڤ لە بەرد دروست کران •

بەپێ‌نوسێك

جەنگاوەریکی ڤییتنامی

کتیبی « جەنگاوەریکی ڤییتنامی » یا دواروژەکانی ژیانی خەباتکەری لی‌بووردوو : نیوین ڤان تروی کەوتە بازارەوە ئەم کتیبە کاك « محمدی مەلا کرایم » کردویە بە کوردی •

پاشماوەی (کامەران و ....

هەرچی درەختە گردی تی بەردەن
پەپوولەی هیوای من ناسووتینی
بای پاییز هەمووی بەجاری هەڵکەن
ئەم خونچەوردەی من‌ناوەرینی
چون ئەوە روژە ئەبینم هەلات
ئاواش دلنیام ئەگەین‌بەئاوات

ئەسرینی هەژار ناکەم بەیاقووت
یاسوزی گریان موسیقەم نابی
ژین لە سەر ئەرکی‌برسی‌و رەش‌و رووت
یا چەوسانەوە من هیوام‌نابی

ئەمەیان وەها !.. وە‌بی‌تریش ئەوە بزانە کە هەرهەمان پلەی نوی ، کاریکی وەهای‌کردوە کە توو چەندانیکی تری وەکوو تو ، وەهای تی‌بکەن نەکامەران لەکاروان دواکەوتوەو ئەداتە دواوە !

وتی : چون ؟!

وتم : ماست رەشە یاسپی‌یە ؟!

وتی : وەك من بی‌زانم ،سپی‌یە •

وتم : بەهەلە چوویت !..رەشە ! .. لەئیستەدا رەشە !.. چونکە هەندیك‌مەبەسیانە کەرەش بی •

وتی : تی ناگەم !...روونی کەرەوە •

وتم : تو رات چی‌یە بەرامبە بەشاعیرو نووسەر ، وەك مروڤیك لەکومەلدا ؟!•

وتی : ئەم قسەیەم زور جارلی‌بیستووی .. ئەبی مەبەست راست گویی‌و یەك باری‌ودواجار سەربەرزی‌ی شاعیرو نووسەربی ؟•

وتم : بی گومان !..

وتی : لەگەلتام کە شاعیرونووسەر مروڤیکن لە کومەلداو ئەبی بایەخیك بدری بە ژیانی‌روژانەیان لە ناو ئەو کومەلەداو چونیتی هەلویستیان لە ئاستی‌کارەسات‌و بەسەرهاتەکانیدا

وتم : بەلام کامەرانی‌شاعیر ، مروڤیکی سەربەرزی ناو ئەم کومەلە شیواوو پرر لەئاژاوەیەشە •

وتی : جا ئەمە چی‌لەباسەکەمان ئەگوری ؟! •

وتم : سەربەرزی‌ی زورجارمروڤ تووشی گەلیك مەینەتی‌و دەردی سەری ئەکاو ئەبیتەمایەی زورو جەورلی کردنی‌و دواجار هەق لەژیرپی نانی ..

وتی : ئەی خو شاعیرەکانی‌تریشمان !..

وتم : ببورە کە ئەم وتەیەت‌پی ئەبرم‌و ماوەت نادەم تەواوی بکەی !.. ئیمە قسەمان‌لەسەر کامەرانە •

وتی : باوابی .. بەلام تیم‌گەیەنە کەبوچی سەربەرزی بوتە مایەی دەردی سەری‌و هەق‌لەژیرپی نان بو کامەران ؟!

وتم : چونکە کامەران لەئیستەدا ئەبی بلی ماست رەشە !

وتی : ئەو سەربەستەکەئەمە ،نەلی •

وتم : وەناش‌لی

وتی : جا لەئەنجامی ئەمەدائەبی چی روویدا ؟!

وتم : کە گوایە لەکاروان‌دواکە وتوەو ئەداتە دواوە •

وتی : حاشا !.. من لەم‌روەوە بوی ،نەچووم •

وتم : منیش حاشا !.. لەم‌روەوە نەبی لەهیچ روویەکی ترەوە بو مەسەلەکە نەچووم •

ئەو بی‌دەنگ بوو !.. من‌دووبارە :

وتم :

بەلام ئەبی لەمەودوا وەك ئەمژینە
کە هەمووی خوین ، کلپەو گردی بەتینە
شیعری منیش بەتەنیارەنگی سوودبی
لەدلداری‌و بەستەی ناسك بەدووربی
ئەبی شیعرم لەگەرا پەروەردە بی
باسی (ژینی) سامناکی ئەم کوردە بی

ئاگاداری ژمارە (٢)ی وەزارەتی کاروباری سەروو دەربارەی موناقەسەی بنیات‌نانی بەشی ناوخۆیی کچان لەسلێمانی

وەزارەتی کاروباری سەروو قۆنترات چیەکان ئاگادارئەکاتەوە ئەوانەی کە خاوەنی تواناو شارەزاین و هەلگری‌باوەرنامەی ـ زریبەی دخل‌ی‌ئەمساڵەن و ناویان لە ژووری بازرگانی تۆمار کراوە و لەلایەن لیژنەی دابەش کردنی‌قونترات چیانەوە دابەش کراون ، بۆ بەشداری کردن لەوموناقەسە نهینی‌یەی ژمارە (٢)سالی ١٩٧٠ی تایبەت بە بنیات‌نانی بەشی ناوخۆیی‌کچانەوە بەفراوانی (٢٠٠)چارپایە لە سلێمانی • ئەتوانن جەمسەری ئەو مەرجانەی کەدەربارەی بەلێن‌و نەخشەکانەلە محاسبی بەریوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی سەرووی‌گشتی ـکەکەوتۆتە ئەپارتمانی‌انحصار شەقامی جمهوری ـ دەستیان کەوێ دوای دانی(١٠) دینار کە قابلی‌گەراندنەوەی نی‌یە •

بەخشتەکان ئەدرێتە دەست‌سکرتیری لیژنەی کردنەوەی‌بەخشش لە دیوانی وەزارەتی کارروباری سەروو کاك رفیق‌رحومی لە بەرگێکی مورکراوی‌نیشانە دراو بۆ ناوی موناقەسەکە پیش‌سەعات یەکی‌روژی ١٢ـ٣ـ٩٠ ، بەمەرجێك‌بەسترابێ بەتأميناتی سەرەتایی کە ٥٪ی هەمو بەخشەکەیەکە بەکاش ئەدرێ بەمحاسبی‌وەزارەت یا بەکەفالەیەکی بانقی‌یەوەکە لەیەك لەبانقەکانی‌عیراقی یەوە دەرچووبێ ،هەروا تەنیاو بەس‌ئەو چەکانەی کە پەسند کراون ، ئەبێ‌ئەوەش بزانرێ کە ئەم وزارەتەهیچ پەیوەند نیە بەوەی کە نزم ترین بەخشش یا هەربەخششێکی تر قبول بکات .هەموو ئەو بەخششانەی کە مەرجەکانی بەلێنی تێدا نەبێ‌ئەخرێتە پشت گوێ • بۆ زیادەزانیاری ئەتوانرێ مراجعەی شعبەی هونەری بەریوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی سەرووی‌گشتی بکرێ •

عبدالله خضیر

و. وەزیری کاروباری سەروو

وەرزش ـ وەرزش ـ وەرزش ـ وەرزش

دەنگ و باسی وەرزش لە کوردستان

لە سلیمانیوە لە کاك (صلاح محمد کریم)ەوە ئەم هەوالانەمان پێ گەیشتووە :ـ

● بەبونەی جەژنی قوربانی پیروزەوە (جوالـــه) ی قوتابخانەکانی سلیمانیهەلسان بە خزمەت کردنی خەلکی لـــه قەلەبالغی چەژندا .

● تیپی وەرزشی (مەریوان) ســـەرکەوت بەسەر تیپی (نیشانەی زێرین)ی کەرکوك بە سێ گول بەرامبەر دوو وە گولەکـــانی تیپی مەریوانی سلیمانی یاریکەر (محمد علی سعید) کە نازەناوی (حمە بچکولە) توماری کردووە .

● تیپی (ئاری) سەرکەوت لە یاریەکەی توپێن بەســـەر تیپی (لاوانی کەرکوك) بـــە چوار گول بەرامبـــەر هیچ ، گولەکان ئەحمەد ملیحو عثمان أبو بکر کردیان .

● تیپی یەکگرتوی کمـــال سلیم لە سلیمانی وەکویەك بوو لەگەل تیپی (ناشـــئە نادی الثورة) .

● تیپی وەرزشیسەرشەقام سەرکەوت بەسەر تیپیدەرسیم بە چوار گول بەرامبەر دوو ، گولەکانی سەرشەقام شـــوقی محمدو فاضل عبداللەو أحمـــد کردویانە وە اسماعیل حمـــە قادریش وە گولی کرد .

لە هەولێرەوە ، لە کـــاك ئازاد محمدەوە ئەم هەوالەمان پێ گەیشت :

○ تیپـــی وەرزشی لاوانی هەلبژاردەی هەولێر (کاسی) کوردستانی عێراقی بردەوە ، کەهەلبژاردەی لاوانی کەرکوكو موسلو ســـلیمانیش بەشدارـ بوون ، وە ئەم یاریانە هەمووی لەهەولێر کرا . ئەمەش سەرـ کەوتنێکی گەورەیە بۆ شـــاری هەولێر لە تۆپی پێدا .

○ یارییکی تۆپی پێ کـــرا لەنێوانی یانەی بروســـکی هەولێر وە یانـــەی وەرزشی (شباب الطلیعه)ی بەغا ، لە ئەنجامدا (٥) بە (٥) بوون .

○ تیپی هەلبژاردەیپولیسی بەغدا گولێکی کرد لە تیپـــی هەلبژاردەی پولیسی هەولێـــر بەرامبەر بە هیچ ، ئەم یاریـــە کرا بە ســـەرپەرشتی محافزی هەولێر .

○ یاریەکی تۆپی پێ کرا لەنێوانی قوتابخانەی ئامادەیی کورانی هـــەولێر وە تیپـــی (سوێس)ی موسلی ، لـــە ئەنجـــامدا ســـــەرکەوتنی قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر بە (٤) گۆل بەرامبەر بەهیچ .

● **یاریەکی تۆپی پێ ئەکری لە نێوانی هەلبژاردەی پولیسی هەولێـــر ، وە هـــەلبژاردەی پۆلیسی (فریاکەوتن)ی هەولێر لەسە کاسی یەکگرتووی تۆپی پێ ـ لقی هەولێر .**

دەنگو باسی یانەی وەرزشی هێرشـــی هەولێر لـــە تۆپی دەستدا .

○یانـــەی وەرزشی هێرش یاریەکی تۆپێ دەست ئەکـــا لەگەل ـ هەلبژاردەی عێراق لە مانگی داهاتوودا .

○ وە هەروەهـــا یانـــەی وەرزشی هێرش یاریەکی تـــر ئەکا لەگەل یانەی شۆڕشـــی کەرکوکی لە مانگی داهاتوودا .

○ بەم زوانە یاریەکی تۆپی دەســـــت ئەکری لـــەنێوانی هەلبژاردەی سلیمانی وە یانەی وەرزشی هێرشی هەولێر .

وەرزش

● بریارە هـــــەلبژاردەی بەرازیلی هەشت یاری توپێـــن بکا دژی بە هێزترین یانەکانی توپێن لە مەکسیك لە نیسانی داهاتوودا .

وە ئەوەی شایەنی باسە کە تیپی بەرازیلی لـــەم روژانـــە سەفەر ئەکات بو بۆلیڤیا بو ئەوەی لە شاری لاباج بو ماوەی مانگو نیوویك مەشق بکا لە یارگەکانی شارەکە ، چونکـــە مـــەناخی ئەوێ زور لـــەهی مەکسیك ئەچێ کە یاری کاسی جیهانی لێ ئەکرێ .

● ژمارەی ئەو تیپانەی کە بەشـــــداری یاری پالـــەوانی ئەفریقیا ئەبن کە لە کامیرون ئەکرێ لـــــە کانونی دووەمی (١٩٧٢) گەیشتە (٢٦)تیپ وەگەمەی دەورەکانی سەرەتایی لە کوتایی ســـال (١٩٧١) ئەکرێ ، وە هەرەکو ئاشکرایە کە لە دەورەی شانزەهەمچواردە تیپ بەشدار ئەبێ وە پانزەـ هەمیان تیپی کامیرون ئـــەبێ چونکە گەمەکە لە وولاتی ئەوان ئەکرێو شانزەهەمیان تیپـــی سودانە کە پالەوانی دەورەکەی پێشویە .

● گەمەکەری ئوســـترالی (رالف دوبل) بیستوچوار سال ، توانی ژمارەیەکیجیهانی نوێ تومارکا لـــە راکردن بو ماوەی (٨٨٠) یاردە کە لـــە دقیقەیەكو چلونو ســـــانیەو دوولەسەردەهی سانییە . وە پالەوانی چیکوسلوڤاکیـــــا (یوسف بلاس) بو بـــــە دووهەم .

● محمد علی کلای پالەوانی بوکسینی جیهانی پاش ئـــەوەی گەمەی پالەوانی جیهـــــانی بوکســـینی بینی لە نێـــوان (جوفـــریزر) و (جیمس ئەلیس) کە (فریزەر) لـــە جەولەی بێنجەما بە زەربـــەی تەواویتی بردیـــەوە ، ووتـــی فریزەر بەوپەری زیرەکـــی بردییەوەو شـــایەنی ئـــەو پالەوانییەیە .

پاشماوەی (ڕێ ڕەوی ٠٠٠٠

شوومەکەی (دووبـــــەرەکی دزوست کە زال ئەبیت) هەردوو گەلی برا تارادەیەك لەیـــەك دورخاتەوە ، ئەو لەیـــەك دوورکەوتنەوەیە بوە هـــوی ئەوەی کە لەئامانجو هیـــواو داواکانی یەکتر نەگەن و ناکوکی ناسەرەکیکانیان پەرەبسێنن٠٠ سەرەنجام لاواز بـــــوونی بزوتنەوەی رزگاری خـــوازی هەردوو نەتەوەی براو مانەوەی شەوەزەنگی ئیمپریالیـــزمو بەکری گیراوەکانیەتی .

وە لەئەنجامی ئـــــەم تیگەیشتنەی سەرەوە گـــەلی عیراق بەگشـــتی گەیشتووتە ئەوەی کە میللەتی کورد وەکو میللەتیك ئـــەبی بەمافـــە نەتەوایەتییە رەواکانی خـــوی بگات ، سەرەرای ئەوەی کـــە ئەمە مافیکی رەوای میـــللەتی کوردە ، هەروەها تـــەوژمی تینیکی نـــوی شورشگیرانە ئەداتە بزوتنـــەوەی رزگاری خوازی میللەتانی روژهـــەلاتی ناوەراست بەگشتیو میللـــەتی عەرەبی برا بەتایبـــەتی ، وەمەســـــەلەی رامالینـــی شەوەزەنگی ئیمپریالیـــزمو سەهیونیەتو نوکەرەکانـــی رامالینـــی چەوساندنەوەی چینایەتیو ئازاردانی نەتەوایەتی زور نزیك ئەکاتەوە .

دیارە نەتەوەی کـــــوردی تیکوشەریشمان پاش چەندەها سالی ئەشکەنجەو ئـــازارو خەباتی بیووچان ، ئـــەم پشتگیری کردنەی جەمـــاوەری زەحمەتکیشی عەرەبی بەتایبەتیو زەحمـــەتکیشی کەمـــــە نەتەوایەتیەکانیش بەگشـــتی زورچاك ئەزانیو لـــــەو سەرچاوەیەوە باوەری روژبـــە روژ پتەوتر ئەبیت بەبرایـــەتی کوردو عەرەب وە بەتـــەوژمو تینیکی شورشگیرانە پـــــەرە بەخەباتی خوی ئەدات لەپیناوی چەسپاندنی برایەتی کـــوردو عەرەبو سەرکەوتنی حەتمییان بەسەر دوژمنـــــە هـــــەر درندەکەیان ، ئیمپریالیـــزمو سەهیونیەت نوکەرە ئەلقـــە لەگویەکانیان .

پاشماوەی ل (٢)

لە هەر سالیکدا ٤٠ ملیون تەن روی لە زیاد کردنایە . تاوای لی دی لە سالی ١٩٨٠ بگاتـــە ١٢٠ ملیون تەن .

بەلام ئەوەی کە جیـــگەی داخو ناخوشـــــییە لـــەلای نایجیریەکان ئەوەیە کە پەنجەی بیگانە دەس بخاتە ناو کاروباری ولاتو ئیمپریالیزمیش دەسبکا بەتاکتیکاتی تازە ، ئەوەی کـــە ئیستا ئەمانە ئەیکەن تەنیـــا بەروالەت یارمەتی دانە گـــەلی نایجیریا، لەم دوایییەدا ئەمریکا نزیکەی ١٠ ملیـــون دولاری داوەتە زیان لی کەوتوەکانی ئەم جەنگە ، هـــەروا بەریتانیا ٣ ملیون پاوەنی پیشکەش کردوە. ئەمەش پیچـــەوانەی ئـــەو سیاســـەتەی ئەمریـــکاو بەریتانیایە لە ڤیتنـــام و رودیسیا ، دیارە ئەم یارمەتـــی پەش بو روو بزرکـــردن و خوشاردنەوەیە و لەهەمـــان کاتیشا تەقەلایە کە بو پەیـــدا کردنی لایەنگیرو دوست لـــە هەریمی روژهەلاتی نایجیریا .

میللەتی نایجیری زورباش ئەزانی کە بەردەوام بوونـــی ئاشتیو برایەتی تەنیا بەمـــە دیتەکایەوە کە ئیمپریالزمەکـــان دەست لەکاروباری پاشە روژی نایجیریا نەگیرن .

هـــۆی تێـــك چوونی باری کریکاران .

وە گەورەترینو فراوانتریو ترسناکترین نەقابە ، ئەوەیـــە کـــە لەناو پارتی دیموکراتی مەسیحیدا ریکخراون . وەـ ئەمەش لەم دوایەدا لە پارتەکە جیا بووەوە لـــەبەر تەنگ پێ هەلچنینیان بەزۆری لەلایـــەن کریکارەکان ٠٠٠

هاوکاری و خوشەویستان

● **دوو نامەمان لـــە کاك ـ حمە رەوف ـــە وە بۆهاتووە،**

لە نامەکانیا باسی ئەوە ئەکات کە چۆن کتیبخانەی سـلیمانی لەجیاتی ئەوەی بەراستی ببیتە شـــوینی ســـوود وەرگرتن ، کەچی هەر کاربەدەستەکانی کتیبخانەکە خۆیان بوونەتـــە مایەیتیکدانی ئەو بیدەنگییەی پیویستە هەبیت ٠٠ ئەوەیش لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئـــەم کاربەدەستانە کتیبخانەکەیان کردوتە میوانخانـــەو دەنگ لیهەلبرین .

وە لەنامەکەی تریا باســـی خراپی سینەماکانی سلیمـــانی ئەکات کە بەردەوام فلیمـــی کۆنی پینەکراوو بی کـــەلك ئەهینن جگە لەوەی کـــە سەراپای کورسیەکانیشی بو ئەوە ناشیێت جیگای حەوانـــەوە بیێت . بەراستی جیگەی داخە.

● **بو کاك شیرکو چەمچـــە مالی .**

برادەر نامەکانت گەیشت. بەلام بو ئەوەی کە بلاومـــان نەکردەوە ٠٠ تکای لیبوردنت ئەکەین ٠٠ هەول بدە زیاتـــر لـــەو بارەیـــەوە خۆت خەریك بکەیتو بخوینیتەوە ٠٠

● **بو برادەر سمکۆ روژـ بەیانی لە کەرکوك .**

برادەر سوپاست ئەکەین٠٠ هونراوەکەت ئەگەرچی لـــە هەستیکیپر لەناسۆرەوە هاتوە بەلام مەرجی هونراوە ووتنـــی تیدا نەبوو ٠٠ زیاتر هونراوە بخوینەرەوە بەتاییەتیهونراوەی شاعیرە لاوەکانی ئەم سەردەـ مەمان ٠٠ وەببورە .

● **بـــۆ برادەران (ج . داراغایی) و (داود محمد)و (بەرهەم) و (ناظم دلبەند) .**

برایان ببورن لەوەی نووسینەـ کانمان ببورنلەوەیلەبەر ئەوەی زوربەیان یا ناریکن یا مەرجی شیعریان تیدا نیـــە ٠٠ نابی دلگریش بن لیمان .

دیمەنی کوردستان

سلیمانی
شـاری
هەڵەت و
قوربانی

لە ناخی دەروونەوە

هاوڕێ‌کەی بیرو باوەڕم
لە دەربڕینی ڕای نوێ‌دا
وای حەز ئەکرد شت دەربڕم
لەوەی « کورد » بڕوات بـە
« کوێ » دا
بۆی باس کردم ئەم دەمەی کورد
بە پاشاگەردانی ناو برد
پرسیاری کرد
ئاخۆ کاروانی خەباتمان
هەتا « کوێ » برد ؟
نەك من ، بەلکو ...
دەنگی مێژوو
بیروباوەڕی پێشکەوتوو
ووتی : ئەبێ ...
شۆرشگێرانی پێشکەوتووی
کورد یەك بگرێ
کوردایەتی ..
ئالای بیری نوێ هەل بگرێ
چینی زەحمەت کێش‌و هەژار
وا بجەنگێ .. هەنگاو بنێ
کە ئەم خاکی کوردستانە
رزگار ببێ
یەکگرتوو بێ
لە ستەم‌و چەوساندنەوەی
نەتەوەیی چینایەتی
رەش ، بە دوور بێ

گۆرانی جەنگاوەرەکان

لە وێژەی بیگانە

هونراوەی « سانەهایی »
وەرگێرانی : عەین

خاکە کەیان داگیر کردین و
خستیانە ژێر بیلەکـانی
خویانەوە ..
ماڵە کانیان ویران کردین‌و
لە جیگایا بنکەی سـەربازیان
دامەزراند .. گریان دالەمـان
نادت .. پارانـەوەش دەرگای
رزگاری ناکاتەوە .
تفەنگ‌و بومبامان نەکردوتـە
ریگامان بو ژیان ..
هەرگیز دوستی جەنـگ
نەبوین بەلام هاتنە سەرمان ..
سەرتاپایان چەك بوو ...
ئایا خومان بەین بەدەست
بەندایەتیەوە ؟! هەرگیز ..
لیمان گەرین با راپـەرین ،
تفەنگ‌و چەقو بەدەستەوە ..
باخاك‌و روبارو بازارەکانمان
بپاریزین . داگـیر کـەران
- درندەن - .
بەلام - نرخی خوین تەنیـا
خوینە -
ئەوانەی دەست دریژیـان
کردینە سەر . چەکیان بـەرو
دا بەرز ئەکـەینەوە . دەرایان
ئەکەین ..
هەروەك چەند ساڵ لەمەو
بەر دوستەکانیانمان بـەو
دەردە برد .
شەو لە دوای شەو .
خاکمان ئەکەویتە لەرزین
گەل ئامادەیە بو هیرش .
چاوی جەنگاوە رەکان لـە
تاریکیەوە ئەدرەو شیتەوە ..
سەرنجی ئاسـمان‌و
ئەستیرەکان ئەدەن ..
بەرەو پیشەوە ئەرون ..
سروودی ئازادی ئەلین ..
بو خاکی خوشەویستمان
کە « خوین‌و ئیسکمانە »

بیرێکی ڕاگوزاری

کـاروان بـەرەو ڕووناکـی
ئەڕوات ..
بەرەو ئەو شوێنەی ڕۆژی لێ
هەڵدێ ..
ئەوەی لـەو « کـاروان »ە
دواکەوت ..
بەر نەفرین کەوت ...
ئەوەی ئاوڕدانەوە لـەدوێنێی
تاریك ... لـە سبەینێی
گرانتری دواخست ..
بە بەندایەتی ڕازی بو ...
ڕوڕەشی هەتا هەتا بو ...

* *

کاروان ...
بەرەو ئەو شوێنە ئەڕوات ..
ژیان‌و ڕووناکی لێ‌یە ..
کاروان ئەڕوات ..
هەرچەن ڕێگا گرانەو پڕ لـە
مەترسی ..
بەڵام چونکە فەرزە بگەینەجێ .
ئەبێت دووا نەکەوین ...
بێ‌گوێ دانە مەترسی ...
بـەڵام ئـەوەی هـەر خوی
خۆش‌ویست ..
ترسا « گوڕان » کاری‌تێ کات.
ئەوەی « کۆن خەڵەتاندی !! »
جێ‌ما ، دواکەوت ...
بەر نەفرینی « ژیان‌و ئازادی»
کەوت ..

لە هەر باخی گوڵێك

خالد زامدار

وەکو دانراوەو - ڕاستەوخۆ
جێ‌ی بۆتەوە - لـەسروشت‌و
ڕاستیا -
بۆ « ژیان‌و ئینسان » تەمەن
کورت بێ و درێژ -
سێ پەیڕەوی گەورەو سێ
بەشی ، بەهێزو بەتین‌هەیە .
بۆ ئاسودەی و بەختیـاری
(ئازایـەتی . زیرەکی .
دەوڵەمەندی) .
١ - ئازایەتی :-
ئازاترین مرۆڤ لەژیانا ئەو
کەسەیە کـە بەسەر ئارەزیا
زاڵەو مل کـەچی ئەو جۆرە
نەهاتانـە نابێ کەلـەکاتی
تەنگانەو چاوچنۆکیدا فەرمان
رەوای دڵ‌و مێشکیەتی .
٢ - زیرەکی :-
زیرەك ترین مرۆڤ لەژیانا
ئەو کەسەیە کە لەچاك چاك‌و
لەخراپ وەرئەگرێ
٣ - دەوڵە مەندی :-
دەوڵەمـەند ترین مرۆڤ
لەژیانا ئەوکەسەیە ئەوێش و
کاری ڕۆژانەیەی هەیەتی ئـەو
پول‌و پارەیەی دەستی ئەکەوێ
پێ‌ی ڕازی بێت . بە مـ
نەك سـامان‌داریکی - بێ
سەرو بەر کە لە شـارێکی
گەورەدا بەناوبانگ بـەڵام
لەگـەڵ هەناسەی بێ‌نان‌و
بێ‌دەرەتانانا ئەڵێ :
« کەی ئەمە ژیانە ئێمەی تیاین»

پەند

ئەوی بەسەر ئەم‌و ئـەوا
زاڵ بی پی‌ی ئەلین هیزدارە ،
بەلام ئەوەی بەسەر خویـا
زاڵ‌بی هیز دار ترە .
« پەندیکی چینی »